# ناونیشانی سەرەكی لە ڕۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەكان )ی بەختیار عەلی دا

## لێكۆڵینەوەیەكی وەسفی و شیكارییە

(PP 85 - 101)

**ID No. 2001**

https://doi.org/10.21271/zjhs.22.6.7

**تانیا ئەسعەد محەممەد ساڵح**

كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی - بەشی زمانی كوردی / زانكۆی سەڵاحەددین – هەولێر

Tanya.asad@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2018/01/25**

**پەسندكردن : 2018/09/12**

**بڵاوكردنەوە : 2018/12/27**

**پوختە**

ئەم لێكۆڵینەوەیە باسی (ناونیشانی سەرەكی لە (شاری مۆسیقارە سپییەكان)ی بەختیار عەلی دا) دەكات. ناونیشانی سەرەكی بە توخمێكی گرنگی دەق دادەنرێت . لەبەر ئەوەی دەروازەیەكی سەرەكییە بۆ خوێندنەوەی داهێنراوە ئەدەبیەكان بە شێوەیەكی گشتی و ڕۆمان بە شێوەیەكی تایبەتی . هەروەكو دیارە كە ناونیشان یەكەم دەروازە و هێمای دەقە . نیشانەیەكە بۆ جیاكردنەوەی دەقێك لە دەقێكی تر . هەروەها یەكێكە لەو توخمانەی كە دەوری دەقی سەرەكییان داوە .

لێكۆڵینەوەكە پێكهاتووە لە چوار تەوەرە . تەوەرەی یەكەم تەرخانكراوە بۆ پێناسە و چەمكی ناونیشان بە شێوەیەكی گشتی لە دەقە ئەدەبییەكاندا ، لە تەوەرەی دووەمیشدا باسی جۆرەكانی ناوونیشانمان كردووە ، لە ناویاندا ناوونیشانی سەرەكی ، لە تەوەرەی سێیەمیشدا باسی ئەركەكانی ناوونیشان لە ڕۆمانەكاندا كردووە . لە تەوەرەی كۆتاییدا باسی بونیادی ناونیشانمان كردووە لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەكان) دا . پاشان ئەو ئەنجامانەی لە لێكۆڵینەوەكەدا بەدەستمان هێناوە خستومانەتە ڕوو .

### پێشەكی

ناونیشان توخمێكە لە توخمەكانی بونیادی دەقی ئەدەبی بە هەردوو جۆرەكەی ئەدەب ( شیعر و پەخشان ) ەوە. دەروازەی یەكەمی چوونە ژوورەوەی نێو دەقەوە، یارمەتیدەرێكی باشی ( دانەر ، خوێنەر ، بابەت )ە ، دەشێ بكرێتە پێوەرێك لە پێوەرەكانی بەهێزی و سەركەوتوویی دەق . یان لە ڕێی لێكۆڵینەوە لێی ئاستی داهێنان و سەلیقەی ئەدەبی دانەر دیاری بكرێت. لەبەر ئەمە پێویستە لێكۆڵەران بایەخی پێبدەن و هەڵوەستەی لەسەر بكەن بە تایبەتی كە لە جیهانی ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخدا بایەخێكی زۆری پێدەدرێت .

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، كە لەنێو جیهانی ڕەخنەی ئەدەبی كوردیدا وەك پێویست باس لە ناونیشان نەكراوە و بە كەمی هەڵوەستەی لەسەر كراوە . بۆیە بە پێویستمان زانی باس لە ناونیشانی ڕۆمان بكەین . بە تایبەتی كە ناونیشانی سەرەكی ڕۆڵێكی ئێجگار گەورە دەبینێ لە خوێندنەوە و ڕاڤەكاری ڕۆماندا .

گرنگی لێكۆڵینەوەكە لەوەدایە كە خوێنەر ئاشنا دەبێت بە توخمێكی گرنگی ڕۆمان و هاوكات پێوەرێك لە پێوەرەكانی هەڵسەنگاندنی ڕۆمان ، چونكە ناونیشان توخمێكی گرنگی دەقی ئەدەبی بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتییە. لە لایەكی ترەوە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ لێكۆڵەرانی تر .

لێكۆڵینەوەكە پێكهاتووە لە پێشەكی و چوار تەوەرە و ئەنجامەكان و لیستی سەرچاوەكان . تەوەرەی یەكەم تەرخان كراوە بۆ چەمك و پێناسەی ناونیشان ، لەم تەوەرەیەدا زیاتر جەختمان لەسەر چەمك و پێناسەی ناونیشان كردووە لە دەقی ئەدەبیدا ، بەبێ دەستنیشان كردنی ڕەگەزی ئەدەبی ، بە تایبەتی ئەو بۆچوونانەمان خستۆتەڕوو كە بەسەر ڕۆمانیشدا پراكتیك دەبێت . دووەم تەوەرە جۆرەكانی ناونیشانە و سێیەمیش تەرخان كراوە بۆ ئەركەكانی ناونیشان . تەوەرەی دووەمی لێكۆڵینەوەكە تەرخان كراوە بۆ لایەنی پراكتیكی . كەپێكهاتووە لە بونیادی ناونیشانی سەرەكی لە ڕۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەكان ) ی بەختیار عەلی

ڕۆماننووسدا . لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانەی بەدەستکەوتوون تۆمارمان کردووە . پاشان لیستی سەرچاوەکانی پەراوێز و سەرچاوەی گشتی باسەکەمان خستۆتەڕوو . لە کۆتایشدا پوختەیەك لە باسەك بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزیمان خستۆتەڕوو .

**تەوەرەی یەکەم : پێناسە و چەمکی ناونیشان**

ناونیشان یەکێکە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەروازەی دەق – عتبات النص –. ((لە نێو دەروازەکاندا لە پێشی پێشەوەیە و بە پلەی یەکەم دێت لە گرنگیدا. چونکە یەکەم دەروازەیە کە هەم لە دیوی دەرەوەی دەقە و هەم نواندەی ناوەوەی دەقە)) (د.حافظ المغربي ،2001 ).

لە پرۆسەی نووسین و خوێندنەوەی دەق دا ناونیشان ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەبینێ . یەکەم توخم کە خوێنەر دەیبینێ و سەرنجی ڕادەکێشێ ناونیشانە، چرکەساتی مامەڵە کردن لەگەڵ دەقدا لە ناونیشانەوە دەست پێدەکات . دەرگای چوونە نێو جیهانی دەقە . لێرەوە خوێنەر ئامادە دەکرێت بۆ چوونە نێو ئەو جیهانە . واتا تەنیا تابلۆیەك نییە لەسەر بەرگی کتێب ، یان تەنیا ناو یان ناسنامەی دەقێك نییە لە پێناو جیاکردنەوەی لە دەقی تر ، بەڵکو یەکەم پلەی سەرکەوتنە بۆ بینای هونەری دەق . ((ناونیشان وەك ڕووناکییەکی تیژ تێپەڕە بۆ ڕۆشنکردنەوەی پانتایی و بنیاد و جووڵەکانی ناوەڕۆك و ناسنامەی دەق، چونکە بەهۆی ناوونیشانەوە نووسین و بینینی نووسەر پێشکەش دەکرێت، واتا کرۆکی دەقەکە دێتە بەر بیر و خەیاڵی خوێنەر )) (سەباح ڕەنجدەر ،2011 : 29) .

ناونیشان لافیتەیەکی پڕ هێزە ، یەکەم دەروازەیە بۆ خوێنەر کە بوونی زۆر پێویستە بۆ ڕاڤەکری دەق ( علي جعفر العلاق، 1997 : 173). بەرچاو ڕوونی و کارئاسانی پێشوەختە بۆ خوێنەر دەکات ((خوێنەر لە ڕێیەوە دەتوانێت ئاسۆی چاوەڕوانی ، یان بۆچوونەکانی ئامادە بکات، بەو پێیەی کە پێشتر کارئاسانی بۆ کراوە ))(محمد كعوان ، 2009). ئەمە جگە لەوەی کە جۆری ئەو خوێندنەوەیە بۆ خوێنەر دیاری دەکات کە دەقەکە پێویستییەتی . کەواتە ناونیشان(( یەکەم دیداری نێوان خوێنەر و دەقە )) (معجب العدواني، 2002 : 7) . خوێنەر لێرەوە ئامادە دەبێت بۆ چوونە ناوەوەی دەق (( وەك بەردەرگای ماڵە ، کە دەرەوە دەبەستێتەوە بە ناوەوە، ئامادەسازییە بۆ چوونە ناوەوە )) (معجب العدواني ، 2002 : 7). نەك هەر بۆ خوێنەر بەڵکو بۆ لێکۆڵەرانیش (( دەروازەی سەرەکییە کە دەبێت لێکۆڵەر پێش چوونە نێو دەقەکەوە بیپشکنێ و لێی بدوێ)) (عبدالقادر عبدالرحيم ،2010: 41). ئەگەر هەر کارێکی ئەدەبي کلیلی هەبێت ئەوا ناونیشان کلیلی یەکەمە (بدري، 2000 : 30).

ناونیشان لە کارە ئەدەبییە داهێنراوەکان و ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخیشدا شوێنێکی ستراتیژی و بەرز و گەورەی هەیە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی جوانکاری و ئەرکیی بە دەقەوە هەیە . ڕووکاری دەقە ، دەلالاتی ڕووکەش و قوڵ ، دیار و نادیاری هەیە ، لەنێو ئەو دەلالەتانەدا لە لایەك ناوەڕۆك و مانای دەقەکە دەبینرێت ، لە لایەکی ترەوە بە درێژایی پرۆسەی خوێندنەوە ڕوخساری دەقەکە بە هاوشانی دەقە بنەڕەتییەکەیە دەبینرێت . (( ناونیشان سروشتی دەق ئاشکرا دەکات))(جميل حمداوي : 108) . و مانای نوێ دەبەخشێتە ڕۆمان و ڕوونکەرەوەی دەلالەتەکانی ڕۆمانە و کلیلی کردنەوەی دەرگای شتە بە پێچ و پەنا و نادیارەکانی ڕووداوەکانە . ڕێکخستنی ڕێکوپێکی درامی و دیاریکردنی فکرەی سەرەکی ڕۆمانەکە و ڕۆشنکەرەوەی دەقە . (( ناونیشان کۆمەڵە دەلالەتێکی زمانییە،لەسەرەتای دەقدا دەچەسپێنرێت بە مەبەستی هێماکردن بۆ ناوەڕۆکی گشتی))(د.محمد اسماعيل حسونة،2015).

پردی بەستنەوەی ناونیشان بە دەقی دایکەوە ، دووری و نزیکی لێوەی دەکەوێتە سەر توانا و دەسەڵاتی نووسەر .پێوەرێك لە پێوەرەکانی باشی ناونیشانیش پەیوەندی بەهێزی نێوانیانە . (( پەیوەندی نێوان ناونیشان و ناوەڕۆکی دەق دەشێ بەرامبەری بێت، یان دوورکەوتنەوە بێت، یان دەشێ گونجاو نەبێت )) (توفيق فريرة، 2000 : 20) . بەڵام زیاتر دەبێت پەیوەندی پێویستی بێت ، هەردوولایان پێویستیان بە یەکترە ، بە بێ ناوەڕۆك ناونیشان ناتوانێت دەلالات ببەخشێت ، (( پەیوەندی نێوان ناونیشان و دەق ، پەیوەندییەکی جەدەلی و سەرچاوەییە ، سروشتێکی سەرچاوەیی هەیە ، لەبەر ئەوەی هێز دەداتە دەق و هاوکات هێزیش لە دەق وەردەگرێت ))(د. حميد لحمداني ، 1423 :21) . هەربۆیە ناونیشانیش بێ ناوەڕۆك بوونی ڕاستەقینەی نییە . پەیوەندی توند و تۆڵی نێوانیان هێز دەداتە کارەکە کە ئەمەش نیشانەی ئامانجە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر (شعيب حليفي، 2005 : 11).

ناونیشان دەربڕینێکە یاسای خۆی هەیە . جوانکاری خۆی هەیە ، مەرج نییە هەموو کاتێك ناونیشان ڕاستەوخۆ و بە ڕوونی پەیوەندییەکەی بە ناوەڕۆکی دەقەوە دیار بێت ، هەندێجار ناونیشان بە شێوەیەکی ئاڵۆز و تەمومژاوی و ڕەمزی دەبێت . بە ئاسانی دەرك بە پەیوەندییەکە ناکرێت . ئەمەش دەرگایەکە بە ڕووی خوێنەردا دەکرێتەوە و دەتوانێت ناونیشانێك کە بە گونجاوتری بزانێ بۆ دەقەکە پێشنیاز بکات کە جیاواز بێت لەوەی کە دانەر بۆی داناوە (ادريس ناقوري، 1995 : 75) .

ناونیشان و گشت پێکهێنەرەکانی تری دەروازەی دەق - کە دەوری دەقی ئەدەبیان داوە ، لە ناویاندا ڕۆمان – جێی بایەخی ڕەخنەگران نەبوون ، تا ئەو کاتەی چەمکی دەق فراوان بوو ، چەمکی دەقیش کاتێك فراوان بوو ، کە ڕەخنەگران دەرکیان بە بەها و

گرنگی بە وردەکاری و شتە بچووکەکانی دەق کرد ، ئەو شتانەی کە دەقەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە ، تا وای لێهاتووە بایەخدان بەم توخمە وردانە لە جیهانی ڕەخنەی هاوچەرخدا پانتاییەکی زۆر و گرنگی داگیر کردووە(أ.م أزهار فنجان، د. أحمد حيال جهاد، د .سلام مهدي رضيوي، 2015). ئەمڕۆ ڕەخنەگران وا تەماشای ئەو توخمانە دەکەن کە دەوری دەقی دایکیان داوە و(( بەشێکی دانەبڕاون لە دەق )) (د. حميد لحمداني : 28) ، و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە گەیاندنی پەیام و مەبەست و بیر و مانا و دەلالەتەکان ، کتێب بە تەنها هەڵگری مانا و دەلالەتی دەق نییە بەڵکو هەموو پێکهاتەکانی دەق – لە ناویاندا ناوونیشان - بەشداری دەکەن لە بینای هونەری دەقدا و بەشێکن لە تان و پۆی چنینی دەق .(جاسم محمد جاسم خلف،2007 : 1)

**تەوەرەی دووەم : جۆرەکانی ناونیشان**

ئەدیبان و لێکۆڵەران لە چەند ڕوانگەیەکەوە ناونیشانیان پۆلێن کردووە ، لەوانە : لە ڕووی دەلالەت و پەیوەندی بە دەقەوە ، کە ئەم پۆلێنەش دەتوانرێت بۆ دوو کۆمەڵە دابەش بکرێن :

کۆمەڵەی یەکەم : ناونیشانی هەواڵی

کۆمەڵەی دووەم : ناونیشانی بابەتییانە

بە شێوەیەکی گشتی واباوە ناونیشانی هەواڵی پێکدێت لە دەربڕینێکی کورت ، بەبێ دەرخستنی بابەتەکە یان پەیام و بیرەکەی دەخرێتە ڕوو ، ئامانج لە ناونیشانی هەواڵی یارمەتی دانی خوێنەرە بۆ دۆزینەوە و گەڕان بە شوێن ئەو دەقەی کە پێویستییەتی و جیای دەکاتەوە لە کاری تر . بە شێوەیەکی بابەتییانە و بێلایەنانە بابەتی دەقەکە دەردەخات ، بێئەوەی پەیامی دەقەکە ئاشکرا بکات . ناونیشانی بابەتیش پەیوەستە بە بابەتی دەقەکەوە . بابەتی ناوەندی و سەرەکی دەقەکەیە بە چڕکراوەیی و بە شێوەیەکی نیمچە ڕوون . بە بەکارهێنانی خوازەیەك، یان درکەیەك وەسفی دەکات(مسكين حسنية، 2014 :46). ئەم ناونیشانانە زیاتر ئاڵۆزن ، لە ڕووی ڕوونی مانایانەوە زوو خۆیان نادەن بەدەستەوە . پێویستیان بە لێکدانەوە و بەدواچوونە ، ((زۆرجار ئاڵۆزن ، کراوەن بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردن ))(مسكين حسنية، 2014 :46) . جيرار جينيت ناونیشانی پۆلێن کردووە بۆ سێ جۆر : ( ناونیشانی سەرەکی، ناونیشانی لاوەکییەکان، نیشانەی ڕەگەزی )(جيرار جينيت، 1998 : 48). وەك لە بۆچوونەکانیدا دەردەکەوێت ، مەبەست لەم سێ ناونیشانە ، تەنیا ناونیشانەکانی سەر بەرگی کتێبە . نەك ناونیشانەکانی ناوەوەی دەق .

بەڕای ئێمە گونجاوترین پۆلێن کردن بۆ ناونیشان بەم شێوەیەیە :

یەکەم : ناونیشانی سەر بەرگ

1- ناونیشانی سەرەکی
2- ناونیشانی لاوەکی
3- ناونیشانی ڕەگەزی دەق

دووەم : ناونیشانی ناوەوەی دەق

یەکەم : ناونیشانی سەربەرگ

بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بەرگی زۆربەی زۆری کتێبەکان سێ ناونیشان دەبینرێت ، لەوانە : ( ناونیشانی سەرەکی ، ناونیشانی لاوەکی ، ناونیشانی ڕەگەزی دەق ) .

**1- ناونیشانی سەرەکی**

ئەوەی گرنگە لەم پۆلێنەدا ناونیشانی سەرەکییە ، چونکە چڕکراوەی بابەتێکە کە بەلای دانەرەوە جێی بایەخە و نواندەی بابەتە ناوەندی و چەقییەکەی دەقەکەیە . یەکەیەکی سەربەخۆیە و هاوکات بەشێکی دانەبڕاوە لە خودی دەقی دایك و ناونیشانەکانی تریش . هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا دەقێکی چڕکراوەیە بۆ دەقێکی تر،(( ناونیشان وەك سەرە بۆ جەستە )) (جميل حمداوي، 1997) .

دانانی ناونیشانی سەرەکی لە دەقە ئەدەبییەکان بە گشتی و لە ڕۆماندا بە تایبەتی ئاستی توانا و سەلیقەی هونەری ڕۆماننووس دیاری دەکات ، توانای لە ڕاکێشانی سەرنج و کارتێکردنی و دروست کردنی پەرۆشی و تامەزرۆیی خوێنەر بۆ خوێندنەوە و بەدواچوونی دەقەکە . واباوە کە ناونیشانی سەرەکی بە خەتێکی دیار و قەبارە گەورە و جیاواز لە خەتەکانی تر لەسەر بەرگی کتێبی ڕۆمانەکە دەنووسرێت . زۆرجاریش یان بە ڕەنگی جیاواز یان بە ڕەنگی تۆختر دەنووسرێت . دیارە ئەم بایەخەش لە پێناو

دەرخستنیدایە . هاوکات ئاماژەیە بە ڕۆڵی گرنگی و ڕەهەندی ناوەندێتی کارەکە . زۆربەی زۆری ئەوانەی کاریان لەسەر ناوونیشان کردووە جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێت ناونیشانی سەرەکی بەشێکی دانەبڕاو بێت لە کارە داهێنراوە هونەرییەکاندا و پەیوەندییەکی قوڵی هەبێت بە دەقەکەیەوە ،(( وا باوە کە ناونیشان پەیوەندییەکی ئۆرگانی هەیە بەو دەقەی کە بۆی بۆتە ناوونیشان، تەواوکەریەتی نەك جیاواز یان دژوار بێت لەگەڵی ، بە وردی و بە ئەمانەتەوە ڕەنگدانەوەی دەقەکەیەتی )) (عبدالملك مرتاض، 1995: 277).

**2- ناونیشانی لاوەکی**

ناونیشانی لاوەکی لە ڕۆمان و چیرۆکدا زۆر دەگمەنن ، زیاتر ئەم جۆرە ناونیشانە لە لێکۆڵینەوەکاندا بەکاردێت . ناونیشانە لاوەکییەکان بە خەتێکی قەبارە بچووکتر و جیاواز لە خەت و قەبارەی ناونیشانی سەرەکی دەنووسرێن . ئەم ناونیشانە لاوەکییانە سەر بە ناونیشانی سەرەکی دەقەکەن . گەرچی یارمەتی دەری ئەون ، بەڵام بێگومان ڕۆڵ و بەهایان کەمتر نییە لە ناونیشانی سەرەکی ، ئەو کەلێنەی کە لە ناونیشانی سەرەکیدا هەیە ، ناونیشانە لقییەکان پڕی دەکەنەوە . یان وردتر دەبنەوە و دەبنە تەواوکەری ناونیشانی سەرەکی و زانیاری زیاتری لەبارەوە دەدەن .ئاشکرایە کە دەبێت ناونیشانی سەرەکی دەربڕینێکی چڕ و کورت بێت،ئەم چڕی کورتییەش وا دەکات کە نەتوانرێت هەندێ زانیاری پێویستی تیا بنووسرێت ،ئەمەش کەلێنێك دروست دەکات . هەربۆیە زۆرجار دانەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە پەنا بۆ ناونیشانی لاوەکی دەبات، لەژێر ناونیشانە سەرەکییەکە ئەو زانیارییانە دەنووسێت .

**3 - ناونیشانی ڕەگەزی دەق**

دیاریکردنی سروشت و جۆری کارەکە، جۆری ڕەگەزی دەقەکە دیاری دەکات، واتا ناسنامەی دەقەکە. دەقەکە لێکۆڵینەوەیە ، یان شیعرە، یان چیرۆکە، ڕۆمانە، درامایە، هتد ... . ئەم نیشانەی ڕەگەزییە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ خوێنەر، (( ئەم نیشانەیەی کە لەسەر فەزای بەرگ دادەنرێت پرۆتۆکۆلێکی نادیاری خوێندنەوە دادەمەزرێنێت، ئاڕاستەکردنی خوێنەرە لە کرداری خوێنەوەکەدا )) (د.خالد حسین، 2007 : 108) .

**دووەم : ناونیشانی ناوەوەی دەق**

سەبارەت بە ناونیشانەکانی ناوەوەی دەق ، یان کتێب ، گەر هەبن ، ئاماژەیە بۆ دەستپێکردنی باسێك یان بابەتێك کە ناوەرۆکەکەی ، یان بابەتی هەستیار و گرنگ تیایدا ئەو ناونیشانەیە . واتا ناولێنانی بابەتی دەقەکەیە و ئەرکی جیاکردنەوەی بەشێکە لە بەشێکی تر ، باسێکە لە باسێکی تر . ئەم جیاکارییەش زەمینەسازی و کارئاسانی و بەرچاو روونی بۆ خوێنەریش دەکەن . دیسانەوە یارمەتی دەری دەقەکەن . هەربۆیە ئەمانیش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن ، چ لە ئاستی دەق و چ لە ئاستی خوێنەردا . لە هونەرەکانی چیرۆك و ڕۆمان و درامادا ناونیشانەکانی ناوەوە ، ئاماژەن بۆ دەستپێکی دیمەن ، یان پەردە ، یان بەشێکی نوێ ، ئەمە جگە لەوەی ناوانی بەشە نوێکەیە . دیارە ئەمەش لەو بارانەدا دەبێت کە ناونیشانەکە دەربڕینی زمانی بێت . چونکە هەندێجار ناونیشان دانای ژمارەیە ، یان هەر هێمایەکی تر بێت .

**تەوەرەی سێیەم: ئەرکەکانی ناوونیشانی سەرەکی**

ئەو شوێنە ستراتیژییەی کە ناونیشان هەیەتی وای کردووە کە کۆمەڵێك ڕۆڵ و ئەرکی هەمەجۆر ببینێت ، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشێکی دانەبڕاوە لە دەقەکەی ، بەڵام جۆرێك لە سەربەخۆیی هەیە ، بۆ خۆی دەقە (د. محمد فوزي محي الدين، 1991) ،و دەبێتە یارمەتیدەری دەقێکی تر ، دەقێکی چڕکراوەی دەقی دایکە . تا وای لێهاتووە بۆتە زانستێك و یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە . ئەدیبان و ڕەخنەگران لە نێو ئەو زانستەدا ئەرکەکانی ناونیشانیان دیاری کردووە ، جیاوازیش لە دیاریکردنی ئەرکەکان لە لایەن ئەوانەی کاریان لەسەر کردووە ، تەنیا لە ناوی ئەرکەکاندایە ، بەڵام وەك ناوەرۆك و ڕاڤە کردنی ئەرکەکانەوە هەمان پۆلێن و هەمان چەمکن(م.م.كوثر محمد علي جبارة، 2013).

سەبارەت بە ئەرکی ناونیشانی سەرەکی لە ڕۆماندا دەتوانرێت لەم چەند ئەرکەی خوارەوەدا کۆ بکرێنەوە :

1. ئەرکی دیاریکردنی ناو بۆ دەق
2. ئەرکی دیاریکردنی تایبەتمەندێتی دەق
3. ئەرکی دەلالی

4. ئەرکی وروژندان و فریودان
5. ئەرکی جوانکاری

ئەرکی دیاریکردن ناو بۆ دەق :

ئەم ئەرکە زۆر پێویستە و لە پێش ئەرکەکانی ترەوە دێت . هەردەبێت بەجێبگەیەنرێت . تا لە ڕێی ئەو ناوەوە لە دەقی تر جیا بکرێتەوە(جیرار جینیت: 36). ئەمە جگە لەوەی کە ناوی دەقەکە ناسنامەی بابەتی دەقەکەیە . خوێنەر لە ڕێی ناونیشانەوە دەزانێت دەقەکە باسی چیدەکات ، یان هێمایە بۆ چی . ئەرکی دیاری کردنی ناو دانەبڕاو نابێت لە ئەرکەکانی تر ، لەبەر ئەوەی هەمیشە ئامادەیە و دەوری ماناکەی داوە(مسكين حسنية، 2014 : 51) . هەندێك لەو پێناسانەی کە بۆ ناونیشانی سەرەکی کراوە ، لە ڕوانگەی ئەم ئەرکەوە ناونیشانیان ناساندووە ، (( ناونیشانی دەق وەك ناولێنانی مرۆڤە...)) (إبن منظور ، 2000)، یان ((ناونیشانی کتێب وەك ناوە بۆ شتێك ، کە پێی بناسرێتەوە و هێمای بۆ بکرێت ))(محمد فكري الجزار، 1998 : 15) . ئەم ئەرکەی ناونیشان سوودێکی باش دەگەیەنێت بە خوێنەر بەگشتی و لێکۆڵەر بەتایبەتی ، کارئاسانییان بۆ دەکات لە هەڵبژاردن و گەڕانەوەی کات بۆیان.

**ئەرکی دیاریکردنی تایبەتمەندێتی دەق :**

یەکێك لە ئەرکەکانی ناونیشان ئەوەیە کە یارمەتی خوێنەر دەدات لە تێگەیشتن لە تایبەتمەنێتی دیاری دەقەکە ، بۆ ئەو مەبەستەش وەسفی ئەو تایبەتمەنێتییە دەکات(عبدالفتاح الحمجري، 1996 : 7). واتا وەسف کردنی دەق بە یەکێك لە جیاکەرەوەکانی یان بابەتەکانی ( ئەم کتێبە باسی ...دەکات ) ... (جیرار جینیت : 82- 83) .

**ئەرکی دەلالی :**

ناونیشان یارمەتیدەرێکی باشی تێگەیشتنە لە دەق و دیاریکردنی مەبەستە دەلالییەکانییەتی(عبدالفتاح الحمجري :7). بوونی مانا و دەلالەت لە ناونیشانی هەموو ڕۆمانێکدا بەستراوەتەوە بە توانای دانەر لە ئیحاکردن و سوسەکردن – تلميح - لە ڕێی ڕێکخستنی زمانی ئاسانەوە .(عبدالقادر رحيم، 2010 : 57) هەتا گەر ناوونیشانەکە تەنیا وشەیەکیش بێت ، دەبێت دەلالەتێکی ناوەکی هەیە . دیارە ڕوونبوونەوەی مانا و دەلالەتەکانیش دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە ڕوون دەبێتەوە . خودی ڕۆماننووس لە دانانی ناونیشان بۆ ڕۆمانەکەی ئەمەی لەپێش چاوە ، ((... ناونیشان ئاڕاستەکردنی دەلالەت و مەبەستەکانی دانەرە ، لەبەر ئەوەی کاتێك ناونیشان بۆ دەقەکەی دادەنێت کەوتۆتە ژێر کاریگەری کارەکەیەوە ، دوای گەڕان و هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر ) (محمد فكري الجزار : 61).

**ئەرکی وروژاندن و فریودان :**

ئەم ئەرکە پەیوەندی هەیە بە ناونیشان وخوێنەرەوە . هەندێ ناونیشان خوێنەر دەوروژێنن و فریویدەدەن . جۆشوخرۆشی لا دروست دەکەن . یان بە بینی ناونیشانەکە توشی ڕامان و سەرسام بوون دەبن . هەندێجاریش ئەم ناونیشانە لە شوێنی خۆی نابێت و تەنیا فریودان دەبێت . بۆ بەرژەوەندی بازرگانی دەبێت . لەم بارەشدا بێهێزی ناونیشان و خودی دەقەکە دەگەیەنێت . هەندێجار لە شوێنی خۆی دەبێت و پڕاوپڕی ناوەرۆکی دەقەکە دەبێت ، لەم بارەدا ناونیشانەکە لەسەر بنەمای پتەو و جوانکاری و داهێنان دەبێت(د. بسام موسى قطوس، 2001 : 58)، بەرەو نوێکاری و داهێنانی زمانی و ئاوازدار و وێنەی هونەریی سەرنج ڕاکێش و هەستیارە .

ناونیشان باش جۆرێك لە بازاڕگەرمی بۆ ڕۆمان دەخوڵقێنێ و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ . هاندەری خوێندنەوەی ڕۆمانە ، ((ناوونیشانی باش باشترین جامبازییە بۆ کتێب))(حسن محمد حماد ، 1998: 11). ئەو ناونیشانانەی کە وروژاندن و جۆشوخرۆش دروست دەکەن ، زۆرجار فریوی خوێنەر دەدەن ، بۆ مەبەستی بازرگانی کردن و فرۆشتنی زۆر و خێرا دادەنرێن . ((بەهای بازرگانی و بەناوبانگ بوونی هەیە بۆ بڵاوکەرەوە)) (عبدالحق بلعابد، 2008 : 71) ، بە تایبەتی ئەو ناونیشانانەی کە لە لایەن دەزگاکانی چاپەوە دادەنرێن . کە زۆرجار تەنیا بەرژەوەندی بازاڕکردنیان لەبەرچاوە . دیارە باشترین ناونیشانیش ئەو ناونیشانانەیە کە دانەر خۆی دایدەنێت. چونکە(( دانەر خۆی مانا و دەلالەتەکانی بۆ دەقەکەی زیاد کردووە و خوێنەر بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەنێرێت)) (نريمان الماضي ، www.elaph.com//http). کەواتە دەزانێت چ ناونیشانێك زیاتر پڕبەپڕی ناوەرۆکی دەقەکەیەتی . بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی ناونیشانی سەرنجڕاکێش و وروژێنەر . ئەو ناونیشانانەی جۆرێك لە لادان لەباویان تێدایە ، یان جۆرێك لە سنووربەزاندنیان تیایە ، یان جۆشوخرۆشێکی نامۆ دروست دەکەن .

ئەوانەی دوای ناونیشانی زایەڵەدار و زرنگدار دەکەون ، بەبێ هەست کردن بە ئێستاتیکای ناونیشان ، کە زیاتر ئەو ناونیشانانە بێمانان ، سەرکەوتن و بەهێزی ناونیشان تەنها لەوەدا نییە کە باقوبریقدار و وروژێنەر بێت . بەڵکو مانا و دەلالەت و

پەیوەندی بە دەقەوە ، هێز دەداتە ناونیشان ، ناونیشانی وروژێنەر دەبێت نواندەی ناوەرۆکی دەقێکی وروژێنەر تر بێت (( گەر کتێبەکە وروژێنەر تر بوو لە ناونیشان ، چاکترە لەوەی کە ناونیشانەکە وروژێنەر تر بێت لە ناوەرۆکی کتێبەکە)) (جیرا جینت ، 198 :97).

**ئەرکی جوانکاری :**

گەر ناونیشان جۆشدەر و فریودەر بێت ، دەبێت ناونیشانێکی جوان و ڕازاوە بێت ، زمانەکەی شیعری بێت . هەڵبژاردن و لادان لەباو بێت . زمانێکی پەخشانی بێت ، واتا زمانی ئەدەبی(جیرا جینت ، 198 :97). قسە کردن لەسەر شیعرییەتی ناونیشان ، هەروەك قسەکردنە لەسەر شیعرییەتی زمانی دەقە ئەدەبییەکان ، دەتوانرێت بوترێت : دەبێت زمانی ناونیشان زیاتر بەتام و چێژ و ئاوازدار تر بێت لە زمانی ناوەوەی دەقەکەی ، ((ناونیشان زیاتر شیعرییە وەك لە دەقەکەی )) (محمد فكري الجزار : 46). جوانی و بەهای ناونیشان لە جۆری خەت و قەبارە و ڕەنگی ناونیشانەکە نییە لەسەر کتێب ، بەڵکو بەهای ئێستاتیکی ناونیشان لە شیعرییەتی زمانەکەی و وێنەی هونەری و دەلالەت و ماناکەی دایە . (( هێزێکی شیعرییە ، وێنە بۆ کێشراوە بە وشە ))(محمود الهويسي، 1997 : 115 ) .

**تەوەرەی چوارەم** : ناونیشانی سەرەکی لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان

هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا ناونیشان یەکەم دەقە کە بەر دیدی خوێنەر دەکەوێت . هەربۆیە خوێنەر پێش خوێندنەوەی دەقەکە بەجۆرێك لە جۆرەکان خوێندنەوەیەکی سەرەتایی بۆ ناوونیشانەکە دەکات ، گەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری ناونیشانی ڕۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان ) بکەین ، ئەو بۆچوونە لای خوێنەر دروست دەبێت کە ناونیشانە سەرکییەکە ناونیشانێکی سادە و ساکار نییە ، مۆدێرن و سەرنج ڕاکێشە . ئیحایەکی زۆری تیایە و بە مەبەست بارگاوی کراوە بە هێمای بەرز و دەلالاتی بەهێز، هەربۆیە خوێنەر تامەزرۆ دەکات و کەمەندکێشی دەکات بۆ قوڵایی ڕۆمانەکە و بەدواچوونی بەردەوام و ڕەوت بۆ کۆتایی و زانینی مانا و مەبەستی ئەم ناونیشانە و حیکایەتی ڕۆمانەکە .

( شاری مۆسیقارە سپییەکان ) گرێیەکی ناوییە و مانای تایبەتی هەیە و مانای تەواو نابەخشێت . دەربڕینێکی ناتەواوە ، مەبەست و مانای تەواوی دیار نییە ، ئەم نادیارییە پەرۆشییەك لای خوێنەر دروست دەکات بۆ زانینی بەشە نادیارەکەی ، (( دەربڕینی ناتەواو ، لابردنی نیهاد ، یان نادیاری هەواڵ و بەشی گوزارە لە ناونیشاندا ئەرکی ستراتیژی ناونیشان بە ئەنجام دەگەیەنێت. وا دەکات سەرنجی خوێنەر ڕاکێشێ و بیوروژێنێ. ئەمە سیمای بونیادنانی ناونیشانە )) (د.خالد حسين : 314). هاوکات جۆریك لە جۆشوخرۆش و فریودان دروست دەکات. (( ... لابردن ، یان دەرنەخستنی هەندێ ڕووی ناونیشانەکە ئەرکی جۆشدان و فریودان بە ئەنجام دەگەیەنێت .)). (د.خالد حسين : 209)

هەروەك ئاشکرایە مۆسیقا خۆراکی مێشك و دەروونە . ڕەنگی سپیش هێمای پاکی و پاکیزەییە . دەشێ ماناکەی بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە : ( مۆسیقارە سپییەکان هێما بن بۆ ئەوانەی مرۆڤی پاك و پاکیزەن خاوەنی دەروونی یان ناخێکی پاك و پاکیزەن ). لە هەڵبژاردنی ئەم دوو وشەیە و کۆکردنەوەیان ، جۆرێك لە سەرکەوتنی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە دەردەخات . هەرسێ وشەکەش بەیەکەوە کە گرێیەکیان دروست کردووە ، وەك تابلۆیەکی ناسك جوان دێنە بەرچاوی خوێنەر ، وێنەی شارێك کۆمەڵێك مۆسیقاژەنی سپیپۆشی تیایە . کە ئەمەش وێنەیەکی فانتازییانەیە . ڕوونە کە هێمایە ، ڕەمزە بۆ شتێك کە ڕۆماننووس دەیەوێت بەو وێنە فانتازییە نیشانی بدات . ئەم خوێندنەوە سەرەتاییەش گەمەی بەشداری پێکردنی خوێنەرە لە دۆزینەوەی کۆدی ئەو ڕەمزە .

ناونیشانەکە چەند پرسیارێك لای خوێنەر دروست دەکات ، لەوانە ، ئەمە چ شارێکە ، مۆسیقارە سپییەکان کێن یان مەبەست لێیان کێیە . ئەمانە ( دالن ) دەبێت ( مەدلول ) لە نێو دەقەکەدا بێت ، ڕۆماننووس دەبێت پابەند بێت بە وەڵامدانەوە ، یان ڕوونکردنەوەی مەبەستی هێمائامێزانەی ناونیشانەکەی و ئەو پرسیارانەی کە لای خوێنەر دروستی کردوون. ((ناونیشان وەك پرسیاری پرسێك یان کێشەیەکە و دەقیش پابەندە بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسە ))(جمال بو طيب ، 1996 :199).

ناونیشانی سەرنج ڕاکێشی بەم شێوەیەش خوێنەر پەلکێش دەکات بۆ خوێندنەوە و بەدواچوونی ڕۆمانەکە، بە بەردەوامیش ئەو ناونیشانە لە مێشك و بیریدایە و چاوەڕێی گرێدانیەتی بە دەقەکەوە، ڕادەی دووری و نزیکی پەیوەندی ناونیشانەکە بە حیکایەتی ڕۆمانەکەوە، پەیوەستە بە کارامەیی و سەلیقەی هونەری و ئەدەبی ڕۆماننووسەوە .

**جۆری ڕەنگ و نووسینی ناونیشانەکە :**

ئەوەی جێی سەرنجە لە جۆری نووسینی ناونیشانەکەدا وشەی ( شار ) بە قەبارەیەکی گەورەتر لە دوو وشەی (مۆسیقارە سپییەکان ) نووسراوە ، دەشێ جیاوازی لە قەبارەیان بگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی ئەو کەسانەی کە پاك و بێگەرن بە بەراورد لەگەڵ

قەبارەی شارەکە یان دانیشتوانی . ئەمە جگە لە بەرزکردنەوەی ئاستی نووسینی ئەم دوو وشەیە لەگەڵ وشەی شار ، بەم شێوەیە نووسراوە : ( شاری مۆسیقارە سپییەکان ) . دیارە ئەمەش بە مەبەست بووە . بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو دوو وشەیە دەشێ ئاماژە بێت بۆ پێگەی بەرزیان . یان جەخت کردن بێت لەسەر گرنگی ڕۆڵی مۆسیقارە سپیپۆشەکان لە ڕۆمانەکەدا.

ناونیشانەکە بە ڕەگی سپی نووسراوە ،ئەمەش جۆرێکی تری لە جوانی پێبەخشیوە .هارمۆنیەتێکی لە نێوانیان دروست کردووە . لە ڕێگەی ئەم ڕەنگەوە ڕۆماننووس دووپاتی پاکی بێگەردی ئەو مرۆڤانە دەکاتەوە . لە لایەکی ترەوە بەکارهێنانی ڕەنگی سپی بۆ نووسینی ناونیشانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تابلۆیەی کە لە ڕۆمانەکەدا باسکراوە ، ئەو تابلۆیەیی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ڕۆمانەکەدا، تابلۆی شاری موسیقارە سپییەکان، کە بە ڕەنگی سپی لە پشتی ئەو تابلۆیە ناوی تابلۆکە نووسراوە، (( دکتۆر موسا تابلۆکەی داگرت و پشتەکەی نیشاندام ، بە خەتێکی سپی ئێجگار جوان نوسرابوو (( شاری مۆسیقارە سپییەکان )) ))(بەختیار عەلی، 2005 : 121)، ئەمەش گرێدانێکی تری ناونیشانەکەیە بە ناوەرۆکی ڕۆمانەکەوە . یەکێکە لە گەمە هونەرییە جوانەکانی ڕۆماننووس .

پەیوەندی ناونیشانەکە بە ڕەنگی بەرگ و تابلۆی بەرگەکە :

ڕەنگی بەرگی کتێبەکە خۆڵەمێشییەکی سپیباوی زۆر کاڵە ، دیارە هەڵبژاردنی ڕەنگێکی تری کاڵی سپیباو ، هەمان چەمکی سپێتییە ، ئەمە جگە لەو هۆیەی کە دەرکەوتنی ناونیشانەکەیە ، کە بە ڕەنگی سپی نووسراوە و بۆ دەرکەوتنی ئەو ڕەنگە سپییە ناچاری کردووە ڕەنگێکی تری وەك خۆڵەمێشی هەڵبژێرێت . ئەمەش هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووانەیە ، هەم لە ڕووی تەکنیکی و هونەرییەوە ، هەم لە ڕووی گەیاندنی ماناوە .

تابلۆیەکی زۆر جوان لەسەر بەرگی پێشەوەی ئەم کتێبە دەبینرێت ، وێنەی کچێکی پەرییە ، باڵێکی سپی هەیە . وێنەی شارێکی خەیاڵی تەپوتۆزاوی و لێڵ لە دواوەیەتی . . لە بەرگی دوواوەش ناونیشانەکە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوەوە ( THE CITY OF WHITE MUSICIANS) و دیسانەوە وێنەی پەرییەکە ، بەرگی سپی لەبەردایە و دوو باڵی هەیە و بە ئاسمانەوەیە ،ئاسمانێکی لێڵ و تەپوتۆزاوی و کەمانچە دەژەنێت . لە دوای خوێندنەوەی ڕۆمانە خوێنەر دەرك بە گونجاندنی ئەو تابلۆیە دەکات ، چ بە ناونیشانەکە و چ بە دەقەکەوە ، یان بە حیکایەتی ڕۆمانەکەوە. چونکە پەریش هێمای جوانی وپاکیزەییە .

پەیوەندی ناونیشانەکە بە دەقەکەوە :

دانانی ناونیشان کارێکی ئاسان نییە ، پێویستی بە بیرکردنەوە و ڕۆچوونە ، دۆزینەوەی دەربڕینێکە و گۆڕینییەتی بۆ دەلالەت و مانای دیاریکراو ، هەوڵ و کۆششی دانەرە بۆ دۆزینەوەی ناوونیشانی گونجاو دەربڕ ، لەبەر ئەوەی دارشتنی هەرکارێکی ئیستاتیکی بەشێکە لە دەقە هونەرییەکە ، و دەبێت ناونیشان پەیوەندییەکی بەتینی هەبێت بە حیکایەتی دەقەکەوە و بە شێوەیەکی ستراتیژی هەموو پێکهێنەرەکانی ڕۆمانەکەی بەیەکەوە بەستبێتەوە و ببێتە (( ئەلقەیەکی بنەڕەتی لە نێو ئەلقەکانی بینای ستراتیژی دەقدا )) (رشيد يحياوي ، 1998 : 110) .

دوای خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێك خوێنەر دەتوانێت پەیوەندییەکە دەستنیشان بکات . دیارە جۆری پەیوەندییەکەش لە ڕۆمانێکەوە بۆ ڕۆمانێکی تر دەگۆڕێت . لەم ڕۆمانەدا جگە لە ناونیشانی سەربەرگەکە ، لەناو دەقەکەدا ( 108 ) سەدوهەشت جار ناوی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان ) هاتووە. (بەختیار عەلی ، بڕوانە : ( 9 ، 121 ، 181 ، 182 ، 183 ، 186 ، 192 ، 193 ، 252 ، 253 ، 254 ، 256 ، 284 ، 314 ، 402 ، 462 ، 463 ، 466 ، 469 ، 477 ، 546 ، 549 ، 550 ، 551 ، 552 ، 553 ، 555 ، 556 ، 558 ، 559 ، 560 ، 563 ، 564 ، 566 ، 568 ، 569 ، 570 ، 572 ، 573 ، 574 ، 575 ، 576 ، 578 ، 579 ، 593 ، 595 ، 598 ، 600 ، 601 ، 604 ، 607 ، 608 ). ئەم ئامادەبوونە بەردەوامە زۆرە ، بەڵگەی تەواوی پەیوەندییە توندوتۆڵەکەی نێوان ناونیشان و دەقی ڕۆمانەکەیە . کە وەك چەترێك باڵیکێشاوە بەسەر هەموو ڕۆمانەکەدا ، هەر لە دەستپێکەوە تا دیمەنەکانی کۆتایی . ئەمە جگە لەوەی سەرجەم ڕووداوەکان ، هەڵسووکەوت و دیالۆگی کارەکتەرەکان بە بەردەوامی خوێنەر بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەبەن کە بیری ڕۆمانەکەی بە تەواوی تیا دەردەکەوێت ، کە ئەویش جگە لە ناو دەقەکە بە چڕکراوەیی لە ناو ناونیشانەکەدایە . (( ناونیشانی ڕۆمان هێزێکی کاریگەر نابێت گەر ئامادەبوونێکی بەردەوامی نەبێت هەر لەسەرەتای دەستپێکەوە تا دوا دیمەن )) (زهرة مختاري ، 2012 :78).

ناونیشانەکە لە سێ وشەی ( شار + مۆسیقار + سپی ) پێکهاتووە . هەریەك لەمانە بە تەنیا لە ڕۆمانەکەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن ، دیاریکردنی مانا و چەمکی هەریەکەیان بە جودا ڕۆڵ و کاریگەری و ئەرکی ناونیشانی ڕۆمانەکە دیاری دەکات ، هاوکات دووری و نزیکی پەیوەندی ناونیشانەکە بە ناوەرۆکی ڕۆمانەکە دەردەخات . هەربۆیە بەباشمانزانی هەر یەکەیان بەجودا وەرگرین و چەمکەکانیان لە دەرەوەی ڕۆمانەکە ، واتا لە واقیع و پاشان لەناوەوەی ڕۆمانەکە دیاری بکەین .

چەمكی شار لە ڕۆمانەكەدا :

چەمكی شار لە واقیعدا ، فەزایەكی جوگرافییە ، بوونێكی واقیعی لەسەر زەوی واقیعی هەیە ، سنووری دیاریكراوی هەیە . مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە . خاوەنی كلتوور و دابونەریتی و سیما و تایبەتمەندێتی تایبەت بە خۆیەتی ، ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی شارستانی تیا دەژی ، خەڵكانی فرەچەشن ( ژن ، پیاو ، منداڵ ، گەنج ، پیر ، خەڵكی سادە و خەڵكی ناسادە ، بەهرەمەند و بێبەهرە ، چاك و خراپ ،جوان و ناشرین ،خەڵكی بنەڕەتی شارەكە و خەڵكی شوێنانی تر كە تیایدا نیشتەجێ بوون...هتد ) . دەسەڵاتێكی سیاسی و كارگێری بەپێی دەستوور و یاسای وڵاتەكە بەڕێوەی دەبەن ، ...هتد .

چەمكی شار لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەكاندا بە وێنەیەكی زۆر جیاواز لە چەمكی واقیع نیشان دراوە . جیاواز لە ڕووی فەزای جوگرافی و مێژوویی و كۆمەڵایەتی و كارگێری ، دانیشتوانەكەیان و جۆری ژیان و داب و نەریت و ڕووداوەكانی ناویان . بە تایبەتی لەو دوو شارەی كە زیاتر شانۆی ڕووداوەكانن و دوو شاری فانتازی و یۆتۆپیان . خودی ڕۆمانەكە نیشاندانی واقیعی باشووری كوردستانە لە نێوان ساڵانی پێش ڕاپەڕینی بەهاری 1991 و تا ساڵانی دوای ڕاپەڕین. بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی ئەو ماوەیە و هەتا كۆتایهاتنی ڕژێمی بەعسییەكان و دەسەڵاتی كوردی و شەڕی ناوخۆ لە كوردستان . بەڵام لە وێناكردنێكی فانتازیدا. هەربۆیە ڕۆماننووس پێویستی بە ڕوودا و كارەكتەر و شوێنی فانتازیا بووە .

ئەو دوو شارەی كە زیاتر تەوەرەی سەرەكی حیكایەت و شانۆی ڕووداوەكانی ڕۆمانەكەن . شاری مۆسیقارە سپییەكان و ئەو شارە خەیاڵییە بێناوەیە كە كارەكتەری سەرەكی بە كۆمەڵە ناوێكی جیاواز ناوزەندی دەكات ، لەوانە : ( شاری سۆزانییەكان ) . پێویستی نیشاندانی بیرو فەلسەفەی ڕۆماننووس هۆكاری وێناكردن و خوڵقاندنی ئەم دوو شارە فەنتازییە بوون . واتا بەختیار عەلی لە ڕێگەی ئەم دوو شارەوە بیر و فەلسەفە و جیهانبینی خۆی خستۆتەڕوو . هەربۆیە چەمكی شار لەو فەزا فانتازییەدا زۆر جیاوازە لە چەمكی واقیعی شار . شارێكن سنووری جوگرافیان نییە . نازانرێت لە كوێن ، تەنانەت لە هەندی شوێنی ڕۆمانەكەدا ئاماژە بەوە كراوە كە ئەم دوو شارە وێنە و هاوشێوەیان لە هەموو شارەكانی تردا هەیە (( شاری مۆسیقارە سپییەكان بەشێكی تایبەتی هەموو شارەكان و شوێنەكانی دونیایە ، ... دیوێكی تری هەموو شارەكانە))ل 550 . خەڵكی ئەم دوو شارە ( كارەكتەرەكان )یش مرۆڤی فانتازین ،مردووی زیندوون ،لەنێوان ژیان و مردندا دەژین . دوای مردنیان دەگەڕێنەوە ژیان و دەڕۆنەوە و دێنەوە .

**شاری مۆسیقارە سپییەكان :**

یەكێك لەو دوو شارە فانتازییەی كە ڕۆماننووس خوڵقاندوێتی ناوی ( شاری مۆسیقارە سپییەكان ) ە ، ناوی ئەم شارەشی كردۆتە ناونیشانی ڕۆمانەكە . یەكێك لە گەمەكانی ڕۆمانەكە ئەوەیە كە سەرەتا ڕۆماننووس وەك ناوی تابلۆیەك ئەم شارەمان پێدەناسێنێ . لە پشتی تابلۆیەك بە ڕەنگی سپی ناوی ( شاری مۆسیقارە سپییەكان ) نووسراوە ، لەگەڵ ئەو تابلۆیانەی لەشاری سۆزانییەكان لە بیابانەكانی باشووردا لە كۆگایەكی ژێر زەمیندا كە جێی كۆكردنەوە و پاراستنی تابلۆ نەمرەكانە دانراوە . ڕۆماننووس لەسەر زاری كارەكتەری سەرەكی ڕۆمانەكە ( جەلادەتی كۆتر ) بەم شێوەیە وەسفی ئەو تابلۆیە دەكات : ((تابلۆی مۆسیقارێك ، كە لەسەر بەستێكی سەوز وەستاوە و لە پشتەوە شارێكی سپی دیارە ، شارێك هەموو شتێكی سپییە ، شارێكی گەورە كە ڕوخساری بەهەشتێكی هێمنی هەیە ، مۆسیقارەكەش جلێكی سپی لەبەردایە ، سەری بە جۆرێكی نائاسایی بەلای ڕاستدا لاركردۆتەوە و بە هێمنی كەمانچەیەكی خۆڵەمێشی لێدەدات ، لەسەریشییەوە كۆمەڵێك باڵندەی سپی دەفڕن ، لە پشتیشیەوە ئاسۆیەكی ئەرخەوانی هەیە كە پتر لە ڕەنگی كۆتایی دونیا دەچێت )) ل118 . ئەمە سەرەتای ناسینی ئەو شارەیە چ بۆ كارەكتەری سەرەكی ( جەلادەتی كۆتر ) ، چ بۆ خوێنەریش . جگە لەم شوێنە هەمان تابلۆ لە شوێنی جیاجیای تری ڕۆمانەكەدا نیشان دراون . (( تابلۆكە شتێك لە سیحر و تەلیسمی تێدابوو كە مرۆڤی ئاڵودەی داوێك دەكرد لەداوی ئەڤین دەچوو . نیگای ئەو مۆسیقارە سپییەی بە كەمانچەكەیەوە ملی لاركردبووەوە . شتێكی لە ئارامی و هیوای تیا بوو ، ئەو بە دەگمەن لە چاوی مرۆڤە زیندووەكاندا نیگای وەهای بینیبوو ، چاوێك بوو هێمن و قوڵ تەماشایدەكردیت بەرەو خۆی بانگیدەكردیت ، جوڵاندنەوەی دەستی بە شێوەیەك لە شێوەكان ئامادەیدەكردیت بۆ بیستنی مۆسیقایەكی ئاسمانی و ناوازە )) ل256 .لە شوێنێكی تری ڕۆمانەكەدا وەسفی تابلۆكە بە شێوەیەك دەكات ، كە تابلۆیەكی گوزارشتكەر - تعبیریة - ،هەروەك دەڵێت : (( شاری مۆسیقارە سپییەكان ... هاواری دونیایەكی ترە )) ل477 .

دواتر دەردەكەوێت ئەم تابلۆیە وێنەی شارێكی فانتازییە ، ڕۆماننووس وەك ڕەمزێك بۆ شوێنی جوانییە مردووە یان كوژراوەكان ، جوانییە مردووە زیندووەكان ، جوانییە جاویدانەكان بەكاری هێناوە . شارێكی خەیاڵی (( ... لەودیو ئاسۆوە ، شارێكی گەورە گەورە ...شارێكی سپی سپی ، پڕ لە منارە و بورج و قولەی بڵندی سپی سپی ، شارێكی گەورە بوو لەناو پێدەشتێكی سەوزدا ... ئاسودەو هێمن بە كۆمەڵێك باڵندەی سپییەوە كە بەسەر گومەز و قەڵاو منارە سپییەكاندا دەفڕین ))ل192 . لە هەندێ شوێنی

ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس ئاماژەی بەوە کردووە کە شارێکە بوونی لەسەر نەخشەی جوگرافی نییە . شارێك نییە لە دونیای واقیعدا (( شارێك ... دەکەوێتە ئەودیو ژیانەوە )) ل576 . مێژووی دروست بوونی ئەم شارەش هاوکاتە لەگەڵ بوونی مرۆڤایەتیدایە .لەو کاتەوە مرۆڤ لەسەر زەوی ژیاوە ئەم شارە بووە . دووری و نزیکی مرۆڤەکان لێوەی پەیوەستە بە دووری و نزیکیان لە جوانییەوە ، (( ئەم شارە لەگەڵ لەدایك بوونی مرۆڤەوە لەسەر زەمین بوونی هەبووە ، تا مرۆڤ پتر لە جوانییەکانی خۆی دوور بکەوێتەوە زیاتر لە شاری مۆسیقارە سپییەکان دوور دەکەوێتەوە ... کەمتر دەیبینێت ، کەمتر ئاماژەکانی دەناسێتاتەوە ، تا زیاتریش لە جوانیدا نوقم بێت ، زیاتر لە دەرگاکانی ئەم شارە نزیك دەبێتەوە )) ل551 . شارێکە لە ڕووی سروشتی جوگرافیشەوە جیاوازە لەشاری ئاسایی و واقیعی ، (( ... هەرگیز خۆر تێیدا ئاوا نەدەبوو )) ل560 ، زەمەن لەم شارەدا جیاواز لە زەمەنی واقیعی و فیزیکییە و بێمانایە ، (( زەمەن لە شاری مۆسیقارە سپییەکان مانای نەبوو ، شەو و ڕۆژ هیچ نەبوون جگە لە دیکۆرێك کە شەقامەکان خۆیان هەڵیان دەبژارد ، شەقامێك هەبوو شەو بوو ، بەڵام شەقامێکی دیکەی تەنیشتی ڕۆژ ، شەقامێك هەبوو هەتاو و شەقامێك پڕ لە گەڵای خەزان )) ل564 .

کاتێك جەلادەت دەربارەی ئەم شارە پرسیار لە دکتۆر موسای بابەك دەکات ، بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە : (( ... شارێکە ئەو ڕۆحانە دروستیان کردووە کە هێشتا دەنگیان لەسەر زەوی سەدای خۆی وەرنەگرتووە ، تۆڕێکە ئێمەی زیندوو و داهێنەرو مۆسیقی و نیگارکێشە نائومێدەکان پێکەوە گرێدەداتەوە ، ... ، شارێك ... لەبری ئەوەی تابلۆ و ئاوازەکان کۆبکاتەوە ، ڕۆحی مۆسیقار و شاعیر و نیگارکێشەکان کۆدەکاتەوە )) ل199 . لە ڕوانگەی ڕۆمانووسەوە ، ئەم شارە تەنیا مرۆڤی ڕەنجەڕۆ و بە ئاکام نەگەشتووی تیایە ، تەنانەت خواش لێرە بوونی نییە ، بەو بۆچوونەی کە هیچ هێزێك نییە بتوانێت جوانییەکانی خوا بکوژێت ، (( ... زۆر بە دوای خوادا گەڕام ، بەڵام ئەوم لە هیچ شوێنێك نەبینی ، شاری مۆسیقارە سپییەکان جگە لە مرۆڤ کەسی تری لێ نییە )) ل569 .

هەمیشە بەختیار عەلی خەون بە جیهانیکەوە دەبینێت ، کە خەونەکانی مرۆڤی تیا بێتە دی ، مرۆڤ بە ئازادی تیا بژی ، هەروەك لە ڕۆمانی ( ئێوارە پەروانە ) شدا جیهانێکی فانتازیای خوڵقاندووە ، لەم ڕۆمانەشدا شاری مۆسیقارە سپییەکانی خوڵقاندووە ، ئەو شارەی ئامێزی کردۆتەوە بۆ ئەوانەی لە جیهانی واقیعیدا خەونەکانیان نەهاتەدی یان کوژرا ، (( شاری مۆسیقارە سپییەکان ئەو غونچانە لە نێویدا دەکرێنەوە کە بەر لە گەشانەوەیان لەسەر زەوی دەژاکێن ، ئەو باغچانەی تێدایە کە لەسەر زەوی سەوز نەبوون ، ئەو کتێبانەی تێدایە کە نەنووسران یان نەخوێنرانەوە . ئەو نامانەی تیایە کە نەگەیەیشتوون بە خاوەنەکانیان )) ل550-551 .

**شاری سۆزانییەکان :**

ئەم شارە شانۆی بەشێکی زۆر و گرنگی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە . پانتاییەکی زۆری لە ڕۆمانەکەدا داگیر کردووە . هەروەك ڕۆمانووس لە چەند شوێنیکا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم شارەش بەشێکە لە شاری مۆسیقارە سپییەکان . شارێکی دروستکراوی خەیاڵی ڕۆمانووسە ، هەروەکو لە سەرەتا لە ناوونیشان دووەمی ناوەوەی ڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆ کردووە (( ونبوون لە شارێکی خەیاڵیدا لە باشوور ))ل14 .

شارێکە نازانرێت ناوی چییە ، سەر بە چ هەرێمێکە ، هەروەکو جەلادەتی کۆتر دەڵێت : (( ... نازانم لە چ شارێك و لە چ هەرێمێکی ئەم وڵاتەدا بوو . شارێك بوو ناوی نەبوو . من لە یەکەم شەوەوە ، لە یەکەم ساتەوە لە خەڵکی ئەم خانە غەمگینەم پرسی ناوی ئەم شارەم پێبڵێن ، بەڵام هیچ کەس وەڵامی نەدامەوە ، شارێك بوو وەك وێنەیەك بێت لە وێنە ئاوێنەییەکانی شارێکی تر )) ل67 . شارێکە لە بیابانەکانی باشووری عێراق ، بەڵام بێناسنامە و مێژوو . ڕۆمانووس گەڵێك ناوی بۆ ئەم شارە بەکارهێناوە کە لەگەڵ دانیشتوان و سروشتی جوگرافی و ڕووداوەکانی ناویدا گونجاوە ، (( من ناوی دەنێم شاری ڕێبوارە غەمگینەکان ، شاری تەپوتۆزی هەمیشەیی ، شاری ئەو مراوییانەی خواستێکی قوڵی هەڵهاتن لە زۆنگاوەکانی باشوور بەرەو ئەوێی دەهێنان ، شاری ئەو سۆزانییە جوانانەی لە هەموو لایەکی ئەو وڵاتەوە دەهاتن و لەو شارەدا ژوورێکیان دروستدەکرد ، شاری ئەو کچانەی لە توخبێکی نادیاردا لە نێوان بیابان و زۆنگاوو ڕووبارەکاندا جێگایەکی سەیریان بۆ خۆیان دروستکردبوو ، شارێك نە لەسەر نەخشە نە لە تۆماری دەوڵەت و نە جوگرافیای ئیداری ئەو وڵاتە نەبوو ، بەڵکو زەوییەکی نوێ بوو ، لە زەمانێکی تایبەتیدا ، لە ئەنجامی تێکشکانێکی گەورەی شوێنکاتە جیاوازەکان لەویادا درووستبووبوو ، شارێك بوو لە تێکشکانی شارەکانی تر لە پاشماوەی ژیان لە جێگایەکی دیکەدا دروستبووبوو ))ل78 . یان لە شوێنێکی تردا دەڵێت : (( ئێرە شارێکی بێنرخە ، ئێرە بەشێکی نەبینراوی هەموو شارەکانی دونیایە ، ئەو شارەیە کە بە نهێنی لە هەموو شارەکانی تردا هەیە و ئێمە نایبینین )) ل 81 .

جگە لەم ناوانە لە هەندێ شوێنی تردا ڕۆماننووس چەند ناوێکی تری بۆ بەکارهێناوە ، لە وانە : ( شاری خەیاڵی ، شاری ئەفسووناوی ، شاری ئەفسانەیی ، شاری زەرد ، شاری بێسنووری نوور ، شاری ئاوێنەیی زەرد، یۆتۆپیای ناو لم ،شاری ئەو مۆسیقارانەی مۆسیقایان یادچووبووەوە ، شاری سەربازە نائومێدەکان ) ، هەندێجاریش پێیی دەڵێت : ( شارێك لە سەراب ، یان شارێك لەدەرەوەی زەمەن ) .

لەم شارەدا خەڵکانێکی زۆر دەژین ، ماڵێکی زۆری تیایە ، خێزانی تیایە ، ڕێبوارێکی زۆر ڕووی تێدەکەن ، کە زیاتر ئەوانەن کە بۆ لای ئافرەتە سۆزانییەکان دەچن . هەربۆیە ڕۆماننووس ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم شارە منداڵی تیا نییە ، دیارە مەبەست لەمەش ئەوەیە کە مناڵ پاکە و ئەم شوێنە بەجۆرێك لە جۆرەکان ، بەڕووکاری شوێنی خراپەکارییە ، (( شاری تەپوتۆزە زەردەکان منداڵی تیا نەبوو)) ل330 .

جگە لەم دوو شارە فانتازییە ، دوو شاری واقیعی تریش لەنێو ڕۆمانەکەدا گۆڕەپانی هەندێ ڕووداوی گرنگن ، بە بێ ناوبردن وەسفیان دەکات ، بەڵام خوێنەر بە ئاسانی دەزانێت مەبەست لێیان کوێیە . لەوانە کاتێك دالیا سیراجەدینی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە لەگەڵ جەلادەتی کۆتر شاری سۆزانییەکان جێدەهێلن و دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ کوردستان ، بەهۆی شکستەکەی لەشکری عێراق لە پەلاماری کوەیت ، و تێکشکاندن و پاشەکشێی سوپا و ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری عێراق – شیعەکان – بە نێو چەند شارێکدا تێدەپەڕن ، لە وەسفکردنی شار و خەڵکەکەیدا خوێنەر دەزانێت مەبەست لێیان ( نەجەف و کەربەلایە ) ، (( شارێك لەو شارە پیرۆزانەی باشوور ، ئەو شارانەی پڕن لە گومەزی زێڕین ، منارەی تەلا ، قوبەی ئەڵماس ... خەڵکانێك ... پەرۆیەکی سەوزیان بە نێوچەوانیانەوە بەستبوو لێی نووسرابوو )) یا علي )) (( ادرکني یا مهدي )) (( ثورة ثورة جعفرية )))) ل288، یان لەشوێنێکی تردا دەڵێت : (( شاری منارە موبارەکەکانی باشوور ... )) ل295.

کاتێکیش کەباس لە کوردستان دەکات و لە وەسفی شارەکەدا دیسانەوە دیارە کە شاری سلێمانییە(( شاری بەدبەختی )) ل343 . بە تایبەتی کاتێك باسی ئەو بینایە دەکات کە جەلادەت لەگەڵ ئاوارەکان تیا نیشتەجێ دەبێت ، ئەوانەی شارەزای ناوچەکەن یان خەڵکی سلێمانین دەزانن کە ئەو بینایە ، بینای ( حەسیب ساڵح ) ی کۆنە کە بە ناوی ئەو ئەندازیارەوە ناودەبرا کە نەخشەکەی کێشا بوو و دواتریش لە ڕاپەڕینەکەدا سوتێنرا و پاشان نۆژەن کرایەوە کرا بە ئۆتێل و ناونرا ( سلێمانی پاڵاس ) . ((... ئوتێلە سووتاوەکە ... ئوتێلێکی گەورە بوو لە ناوەڕاستی شاردا ، ئەندازیارێکی بەنێوبانگ دروستی کردبوو )) ل342 . دیارە بەکارهێنانی ئەم دوو شارە پەیوەندییان هەیە بەوەی کە ئەم دوو شارەی کردۆتە ڕەمزی خەبات و تێکۆشانی دەنیشتوانەکانیان و زوڵم و ستەمی ڕژێمی بەعسیش لێیان . بە تایبەتی کە زۆربەی کارەکتەرە سەرکییەکان کە دواتر دەبنە قوربانی و دەبنە سەرنشینانی شاری مۆسیقارە سپییەکان .

هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا چەمکی شار لە ڕۆمانەکەدا جیاواز لە چەمکی واقیعی شار بەکارهاتووە . بە تایبەتی لە هەردوو شارە فانتازییەکەی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان و شاری سۆزانییەکان ) دا، ئەم چەمکە جیاوازەش لەپێناو گەیاندنی بیری ڕۆمانەکەیە، خودی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان ، بە شێوەیەکی فانتازیا وێنا کراون ، بۆیە گونجاوترین شوێن بۆیان ، شوێنی خەیاڵییە، پێویستی بە خوڵقاندنی فەزایەکی جوگرافی فانتازیا ، یان جیهانێکی یۆتۆپیا بووە . ئەم جۆرە شوێنانە جۆرێك لە ئازادی دەدەنە ڕۆماننووس بۆ وێناکردنی هەر شتێك کە ناتوانرێت لە فەزایەکی جوگرافی واقیعیدا بنوێنرێت . کەواتە چەمکی شار بەم شێوە فانتازییەی لە ناوەرۆکی ڕۆمانەکەدایە ، بۆتە وەڵام و دیاریکردنی ئیحاو دەلالەتی ناونیشانەکە . بەشێکی ئەو ڕووە نادیارەی دەرخستووە کە لە ناونیشاندا نەهاتووە و بۆتە بەشێکی مەدلوولەکە بۆ دالی ناونیشانەکە .

**چەمکی مۆسیقا لە ڕۆمانەکەدا :**

هەروەك ئاشکرایە ، مۆسیقا خۆراکی مێشکە ، ویستگەیەکە بۆ حەوانەوەی مێشك و دەروون . هۆکارێکە بۆ دروستبوونی بردنەسەری کاتی خۆش لەگەڵی . لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا مۆسیقا بە چەمکێکی جیاواز لەمانە خراوەتە ڕوو . مۆسیقا هۆکاری پاکبوونەوەیە . وەك هێزێکی ئەفسووناوی مرۆڤ پاکدەکاتەوە . بە بڕوای ڕۆماننووس مرۆڤە تاوانبارەکان دەتوانن بە گوێگرتن،یان ژەنینی مۆسیقا خۆیان لە گوناهەکانیان پاکبکەنەوەی،بەڵام چ مۆسیقایەك((مۆسیقایەکی ئاسمانی و ناوازە)) ل256 . ( سامیری بابلی ) ئەفسەرێکی سوپای عێراق و دەستگا ئەمنی و سیخوڕییەکەیەتی ، تاوانبارە بە چەندین تاوانی قێزەوەن و نامرۆییانە کە بەرامبەر بە کورد کردویەتی ، خۆی باس لە تاوانەکانی دەکات، بەڵام بە گوێگرتن لە مۆسیقا دەگۆڕێت و دەبێتە مرۆڤێکی تر و تا ئەو ڕادەیەیی کە داوای دادگایی کردنی خۆی دەکات ، دەربارەی هۆکاری وەرچەرخان و گۆڕانی دەڵێت : ((... ئەو مۆسقا سیحراوییە ڕۆحمی لە تەپوتۆز و تاریکی و خوێنڕێژی چەندەها ساڵ پاکدەکردەوە ، ... مۆسیقا مەعدەنی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان دەدۆزێتەوە ))

ل182 . دیسانەوە لە شوێنێکی تردا دان بەوەدا دەنێت کە مۆسیقا لە تاوان و گوناهەکانی پاکی کردۆتەوە ، (( ... تەنیا ئەم فلوتە دەتوانێت من پاکبکاتەوە )) ل525 .

بەپێی ئەم چەمکەی مۆسیقا ، بە مۆسیقا ڕۆحی مرۆڤ پاراو ڕۆشن دەبێت ، ( ئیسحاقی لێو زێڕین ) دەڵێت : (( هیچ شتێك وەك تاریکی و وشکی ڕۆح دوژمنی مۆسیقا نین )) ل22 ، چاوی مرۆڤ دەکاتەوە ، ئاسۆی بینین و بیستن فراوان و فەرهەنگی عەقڵی کامڵ دەکات ، (( ئەوەی بیەوێت ببێتە مۆسیقار ، دەبێت لە زمانی دونیا تێبگات ، مۆسیقا تێگەیشتنە ، بەڵام تەنیا تێگەیشتنی ئەو شتانە نییە کە دەدوێن و هاوار دەکەن و دەنگی خۆیانمان دەدەنێ ، مۆسیقا بیستنی ئەو شتانەیە کە دەنگیان نییە ، سەفەرێکە لەودیوی دەنگەوە ، سەفەرە بە بێدەنگییدا )) ل24 . ئەو جوانییەی عارف و سۆفییەکان عاشقی دەبن ، بەختیار عەلی لە ڕێگەی مۆسیقاوە دەمر بۆ ( سۆفیگەری فەلسەفی) دەبات و لە هەندێ شوێندا جەخت لە فەلسەفەی ( یەکێتی بوون ) دەکاتەوە ، ئیسحاق بە قوتابییەکانی دەڵێت : ((کە مرۆڤ دەچێتەوە ناو خۆی ، کە دەڕوات بەرەو سروشت ، کە دەڕۆات بەرەو خودا ، بە تەنیایە ، ئەوە تەنیا چاوی خۆمانە فێرماندەکات ئەو مرۆڤە ببینین کە لەناوماندایە ، بە تەنیا دەبێت تەبیعەت بهێنینە زمان و گوێی لێبگرین ، بە تەنیا دەبێت خودا بدۆزینەوە ، خودای دیندار و وشکە سۆفییەکان نا ، خودای ئێمە ... خودایەك دواتر دەبێت خۆتان ببینن و بیناسن ، خودایەکی مۆسیقار )) ل 23 .

ڕۆحی یەکێك لە مۆسیقارەکانی شاری مۆسیقارە سپییەکە ، کە لەوێوە هاتۆتەوە بۆ بەرەکانی جەنگ – جەنگی – عێراق - ئێران – بانگەشەی ئەوە دەکات کە مۆسیقا هیوابەخشە ، بۆ ئەوەی بریندااران و هەڵاتووانی ئەو شەڕە هێور کاتەوە و هیوای نەمرییان بداتێ دەڵێت : ((مۆسیقا هیوابەخشە ، کوڕگەل مۆسیقا هیوا دروست دەکات ، من هاتووم لێرەوە تێپەڕم و مۆسیقا لێبدەم ، تا ئەوەی گوێم لێدەگرێت ، نائومێد نەبێت )) ل252 .

بەپێی ئەم چەمکە مۆسیقا ئەرکی زۆر پیرۆز و گرنگتری لە ئەستۆیە ، لەوانە ئەرکی دادپەروەری ، بە لای ئەوەوە مۆسیقا دادپەروەری ڕاستەقینەیە ، (( گەورەترین تۆڵە لە ناهەقییەکانی دونیا ئەوەیە مرۆڤ شاعیر بێت ، مۆسیقای جوان لێبدات ، تابلۆ دروست بکات ، لەوە بترازێت هیچ عەدالەتێك نییە ... گەر شتێك هەبێت ناوی عەدالەت بێت ئەوە لە مۆسیقایەدایە ... ))ل 196. بەلای ڕۆماننووسەوە مۆسیقا ئەو هێزە نەفسووناوییە کە ڕووە شەیتانییەکەی ناوەوەی مرۆڤ دەکوژێت و ڕووە مرۆییەکەی دەردەخات : (( دادپەروەری ئەوەیە دوژمنەکەت مۆسیقاکەی تۆ ببیستێت و بگری ، مۆسقاکەی تۆی گوێ لێبێت و ئەو ئادەمیزادە خەوتووەی ناو ڕۆحی خەبەریبێتەوە )) ل197 . بە بۆچوونی ڕۆماننووس نەك هەر دادپەروەری،بەڵکو مۆسیقا مرۆڤەکان فێری ڕەفتاری جوان دەکات، فێری ڕاستگۆییان دەکات:(( مرۆڤ کە مۆسیقای لێنەدا ، دەتوانێت بە ئاسانی درۆ بکات )) ل147 .

گەر مۆسیقا هەڵوێست و ڕەفتار و عەقڵ و ویژدانی مرۆڤ بگۆڕێت و لە گوناح و تاوانەکانی پاکی کاتەوە و ڕووە جوانەکەی مرۆڤ زاڵ کات بەسەر ڕووە ناشرینەکەیدا ، لە فەرهەنگی جیهانینی بەختیار عەلیدا ئەوانەی مۆسیقاژەنن ، یان گوێگری مۆسیقان ئەوانە نموونەی باڵان و نەمرن ، هەربۆیە پێی وایە مۆسیقا نامرێت ، مۆسیقارەکانیش نەمرن ، (( هەموو مۆسیقارێك ... کە لەدایك ئەبێت خولیایەك لەسەریایەتی خولیای ئەبەدییەتە ))ل253 . شارۆخ مەهدی شارۆخ کە کارەکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و مۆسیقاژەنیشە کە بە هۆی برینداربوونی لەشەڕی عێراق - ئێراندا دەمرێت ، زیندوو دەبێتەوە و دوای ئەوەی ڕۆحیانەتەکەی دەچێت بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان دەگەڕێتەوە بۆ دونیای واقیع . دەربارەی مردنی ئەم کارەکتەرە و زیندووبوونەوەی جەلادەت دەڵێت : (( هەر کەسێك ئاوازی نەمر لە دڵیدا بێت ، نامرێت . جوانی نامرێت تەنیا لە نێوان بوون و نەبووندا سەفەر دەکات )) ل594 .

چەمکی مۆسیقا لەم ڕۆمانەدا سنووری واقیعی دەبەزێنێت و بەرەو باڵا بوون چووە ، هەر وەك بەڕێوەبەری گشتی پرۆژەیەکی ئوستورالی (سباستیان میوولەر) کە لەگەڵ (دالیا سیراجەدین) ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە ، لە کوردستان کار دەکات ، جەلادەتی مۆسیقار وەك (( .. خواوەندی سروشت )) ل 588 دەبینێت و هاوشانی خواوەندەکانی (( پان ... کریشنا ... شیفا )) ل588 ی دەکات .. فلووتەکەی دەستی جەلادەتی کۆتریش بە هێمای بەرزی و پیرۆزی ئەم کارەکتەرە دەبینێ ، هەروەك میوولەر دەڵێت : (( فلووت ئامێری خوداکان بووە ، بە درێژایی مێژوو فلووت ئامێری خەلیقەت بووە ، وەك شیفا کە بە خۆی و فلوتێکەوە بە دەوری گەردووندا سەما دەکات و جیهان دروست دەکات ، لای میسرییە کۆنەکان دەنگی فلووت دەنگی ئیزیسی خوداوەندی دایك بووە ... فلووت دیاری خوداوەندەکان بووە بۆ ئادەمیزاد ، لای هیندییەکان فلووت دیاری کریشنایە بۆ ئینسان )) ل588 .

بەختیار عەلی جەلادەتی کوڕی ( مەریەمی فەیزی ) وەك حەزرەتی مەسیح بەرجەستە کردووە ، مرۆڤێك پڕاوپڕ لە عەشق و ئەوین و جوانی و پاکی ، لێوان لێو لە ئەوینی جیهانی سۆفیزم ، مرۆڤێك کە لەسەرەتای ژیانییەوە مەحکومە بەوەی هەڵگری

پەیامێکی پیرۆزی مرۆییانە بێت ، لە پێناو پاراستنی بەها جوانییەکانی مرۆڤایەتی لەخاچ بدرێت ، لەدوای مردن هەڵسێتەوە و بەردەوام بێت لە گەیاندنی پەیامەکەی . تەنیا جیاوازی نێوان جەلادەت و حەزرەتی مەسیح ، فاکتەری گەیاندنی پەیامەکەیە ، کە ئەویش ئاوازە سیحراویەکەی فلووتەکەیەتی . جەلادەت دوای لەخاچدانی و سەفەری بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان ، دەگەڕێتەوە بۆ ژیان ، (( نەمری بەشێکە لە سیفاتەکانی هەموو مۆسیقاژەنێك )) ل28.

ڕۆماننووس بە جۆرێك دەڕوانێتە مۆسیقا کە وەك پێغەمبەرانە . ئەو پەیامەی پێغەمبەران پێیانە و ئەو چاکسازییەی کە ڕاسپێرراون بیکەن ، لە مۆسیقاداشدا هەیە ، (( ئەوەی بتوانێت گوێ لە مۆسیقا بگرێت ، دەتوانێت گوێ لە پێغەمبەرەکان نەگرێت ، چونکە ئەوەی خوا دەیەوێت بە مرۆڤی بڵێت لەناو مۆسیقاشدا هەیە )) ل527 . هاوکات بڕوای وایە کە مۆسیقارە ڕاستەقینەکان مرۆڤی پاك و بێگەرد و بێتاوانن و دەچنە بەهەشت ،(( مۆسقارە ڕاستەقینەکان دەچن بۆ بەهەشت یان لەوانەیە بچن بۆ جێگایەك لە بەهەشت بچێت )) ل528 . لێرەدا مەبەست لە ( جێگایەك لە بەهەشت بچێت ) شاری مۆسیقارە سپییەکەیە . کە لە شوێنێکی تردا ڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ دەکات ، (( چوونە ناو ئەو شارەوە وەك چوونە ناو بەهەشتە وەهابوو )) ل552 . جیاوازی ئەم شارە لەگەڵ بەهەشتدا ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی فریشتەیە تیایدا ، (( شارێك بوو هیچ فریشتەیەکی تیانەبوو ، مرۆڤ خۆی تەنیا فریشتەی ئەو شارە بوو )) ل 552 .

چەمکی جوانی لای هونەرمەندان ، نیگارکێشان و ئەدیبان و مۆسیقارەکان ، جیاوازە لە چەمکی جوانی لای کەسانی ئاسایی ، ئەوان بە دیدێکی تر بە هەستێکی تر جوانی دەبینن ، جوانییە سروشتییەکان ، جوانییە جەوهەرییەکان دەبینن ، مۆسیقاش بە ئاواز گوزارشت لە شتە جوانەکانی بوون دەکات ، بە خۆشی و ناخۆشییەکانەوە ، مۆسیقا هەموو جوانییە پەتییەکانی دونیا لە ئامێز دەگرێت (( پردێکی گەورە هەیە هەموو جوانییەکانی دونیا بە مۆسیقاوە گرێدەدات ، بەڵام جیاوازی مۆسیقا لە دیدی مۆسیقارەوە شتێکی ترە . هەمووان جوانی دەبینین ، هەتا ئەوانەش کە ناوی هونەرییان نەبیستووە ، دەتوانن جوانی ببینن ، بەڵام جیاوازی ئەو جوانییانەی کە ئێوە دەبێت بیبینن لەگەڵ ئەو جوانییەی پیاوێکی دیکە دەیبینێت ئێجگار گەورەیە، مۆسیقارەکان ، هونەرمەندەکان دەبێت جوانی خالیس ببینن ، جوانییەك پاڵاوتە لە هەموو شتێك کە جوانی نییە ، هەموو شتە جوانەکانی ئەم دنیایە بە هەزاران جەمسەرەوە بە شتەکانی ترەوە گرێدراون )) ل31

کەواتە چەمکی مۆسیقا لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا جیاوازە لە چەمکی واقیعییەکەی، مۆسیقا ئامرازی پاکبوونەوەیە . هێزێکی ئەفسووناویی پیرۆزە . ئەو هێزەیە کە بەشە مرۆییەکەی مرۆڤ بەسەر بەشە شەیتانییەکەیدا سەردەخات ، هێزێکە گوزارشت لە جوانییە شیرین و تاڵەکانیش دەکات ، ئامرازی خوڵقاندنی جوانییە جاویدانەکانە . مۆسیقارەکانیش مرۆڤی نموونەیی پاکیزە و بەرز و باڵان و نەمرن . بەم چەمکە جیاوازەی مۆسیقا لە ڕۆمانەکەدا بەشێکی تری ڕووە نادیارەکەی ناونیشانەکە ڕوون دەبێتەوە .

**چەمکی ڕەنگی سپی لە ڕۆمانەکەدا :**

سپی و سپییەتی چەمکێکی فراوان و فرە ڕەهەند و فرە دەلالەتە . لە قورئانی پیرۆزدا ( 12 ) دوانزەجار ناوی ڕەنگی سپی هاتووە : (( يوم تبيض وجوه و تسود وجوه )) آل عمران 106 ، (( و أما الذين أبيضت وجوههم ففي رحمة الله هم فيها خالدون )) آل عمران 107 . و هەروەها لە ئایەتەکانی ( الأعراف 108 و طه 22 ) شدا . لە چەند فەرموودەیەکیشدا پێغەمبەرمان ( د.خ ) باسی لە ڕەنگی سپی کردووە ، (( ألبسوا من ثيابكم البياض فإنها من خير ثيابكم و كفنوا فيها موتاكم ))( أبو داود 4061 و الترمزي 994 و إبن ماجة1472 ) . هەربۆیە کفنی مردووان ڕەنگی سپییە . پۆشاکی حاجییان ئیحرام ڕەنگی سپییە . کە ئەمەش هێمایە و دەلالەتی پاکی و بێگەردی ، هاوکات هێمای کفنە ، کە موسوڵمان دەچێت بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج ، هەموو شتێکی دونیا جێدەهێڵێ ، هەروەك مردوو . تەنیا شتێك کە بۆی دەچێت ڕادەستکردنی ئەمری خۆیەتی بەخوا . لە هەندێ وڵاتانی ئاسیادا پۆشینی بەرگی سپی هێمای تازێبارییە – حیداد – . لە وڵاتانی ئەوروپاش هێمایە بۆ ژیان و خۆشەویستی ، ڕەنگی بەرگی بووك لە زەماوەند و مەراسیمی هاوسەرگیریدا سپییە ، کە دیسانەوە دەلالەت لە پاکیزەیی و جوانی دەکات ، ئەمە جگە لەوەی کە وەك پەری و فریشتە و شازادە بنوێنێ . چونکە پەری و فریشتەکان سپی پۆشن .

بە شێوەیەکی گشتیش ڕەنگی سپی لە جیهاندا هێمای پەیامی ئاشتییە ، لە کاتی شەڕ و جەنگدا هەڵدانی ئاڵا و بەیداخی سپی ئاماژە و هێمای خۆبەدەستەوەدان و ڕادەستکردنی شەڕکەران و سوپایە . کۆتری سپی هێمای ئاشتیخوازییە .

لە جیهانی زانستی دەروونیدا ڕەنگی سپی پتر لە ڕەنگەکانی تر دەلالەتی دەروونی هەیە ، دەلالەتی پاکی و پاکیزەییە . و بە گرنگترین نیشانە و دەلالەتی خۆشەویستی و ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری دادەنرێت . ئەم ڕەنگە بەکاردێت بۆ بەخشینی بۆچوونی

ئارەزووی هێمنی و هێوری و بیرکردنەوە و حەوانەوەی مێشك ، ساردی مێشك ، هەربۆیە زیاتر بۆ ڕەنگی پۆشاکی دکتۆر و پەرستیار و دیواری نەخۆشخانەکان و مەڵبەندی تەندروستی و چارەسەری و کتێبخانەکان بەکاردێت . چونکە ئەم ڕەنگە یارمەتیدەرێکی باشی حەوانەوەی مێشك و دەروونە . ئەوانەی سەرسامن بە ڕەنگی سپی و پتر لە ڕەنگەکانی تر حەزی پێدەکەن ، یان ئارەزووی پۆشینی بەرگی ڕەنگ سپی دەکەن ، زیاتر ئەوانەن کە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و ڕوون و بوێر و ڕاستگۆن(محمد الراوي ، 2000 : 13).

لەلای میللەتی ئێمەش ڕەنگی سپی بۆتە پێوەرێك بۆ جوانی ڕوخسار و پێست ، پیرۆزی و گەورەیە لە ئاکار و کردەوە و بە ئەزموونی و بۆ ڕێزگرتن لە بەتەمەنەکان (سەر سپی ، ڕیش سپی ) ، بۆ جوانی ئاکار و ڕەفتار ( ڕوو سپیی ) ، هەتا لە نزاکردندا کورد دەڵێت : ( ڕوو سپی بیت ) ، یان لە پەندی پێشیناندا بە ماڵ و موڵکێك دەوترێت کە بۆ کاتی پێویست و تەنگانە فیریادڕەسە (( ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش )) .

چەمکی سپی لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکەدا ، بە پێچەوانەی هەردوو چەمکی ( شار ، مۆسیقا ) وە بەکارهاتووە ، واتا بە هەمان ئەو چەمکانەی کە پێشتر خرانە ڕوو بەکار هاتووە . هەروەك چۆن لە شەرعی ئیسلامدا بەکارهاتووە . هەروەك بۆچوونەکانی زانستی دەروونی بۆ ئەم ڕەنگە لە ڕۆمانەکەدا بەکارهاتووە .

( شاروخی شاروخ ) یەکێکە لەو مۆسیقارانەی کە لە شەڕی عێراق - ئێراندا کوژراوە و مردووە ، یەکێکە لە ڕۆحە سەرنشینەکانی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان ) ، لەو شارەوە گەڕاوەتەوە بۆ دونیا . گێڕەرەوە بەم شێوەیە وەسفی جلوبەرگی دەکات : (( کوڕێکی گەنج بوو ، سەرتاپای جلی سپی بوو ، تی شێرتێکی سپی ... پانتۆڵێکی سپی ، جووتێك پێڵاوی بریقەداری سپیشی لە پێدابوو ... ))ل7 . جلە سپییەکانی ئەم کارەکتەرە فرە دەلالەتە ، دەلالەت لە بەرگی مردوو ( کفن )ە ، لە لایەکی ترەوە شاروخ لە شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە هاتۆتەوە ، کە لە شوێنێکی تری ڕۆمانەکەدا گێڕەرەوە ئاماژە بەوە دەکات کە سەرجەم ئەوانەی لەو شارەن سپیپۆشن ، کە ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونی ئەوەیە کە پاکیزەن . لەم ڕۆمانەدا ڕەنگی سپی وەك هێما بۆ پاکی و بێتاوانی ئەنفالکراوانیش بەکارهاتووە ، کاتێك جەلادەت لە بیابانەکانی باشوور دەبێت ، هەندێك شەو لەگەڵ دالیا دەچنە دەرەوە و لە تاریکیدا تارمایی سپی کە هێمایە بۆ ڕۆحیانەتی ئەنفالەکان دەبینن لە زەوی لەو شوێنانەی کران بەژێر خاکەوە دێنە دەرەوە ، هەزاران باڵندەی سپی دەبینن بە ئاسمانەوە ، سەرپۆشی ئافرەتە پاکیزەکان و جامانەی فڕیو دەبینن (( هەزاران لەچکی سپی و جامانەم دەبینی بە ئاسماندا دەفڕین )) ل 432 .

کاتێکیش جەلادەت باسی ئەو ڕووداوە واقیعییەی وەرگەڕانی ئوتومبیلی تیپی مۆسیقای منداڵانی سلێمانی لە ڕێگای بەغداد دەکات – کە بۆ بەشداری کردن لە ڤیستیڤاڵی مۆسیقا دەچوون و تووشی کارەساتی هاتووچۆ بوون و چوار منداڵیان شەهید بوون - ، کە گوایە جەلادەتی کۆتر یەکێك بووە لەو مۆسقارانەی ئەو تیپە ، باس لە گەرمەی کارەساتەکە دەکات ، کە دەمودەست برادەرەکانی مردوون و ئەمیش لە نێو مەرگ و ژیاندا بووە ، ئەو ساتەی ڕۆحی منداڵاکان بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە ، خستنەڕووی ئەم دیمەنە بە وێنەیەکی فانتازییانە و لە ڕێگەی ڕەنگی سپی وەك هێما بۆ پۆشینی ( کفن ) جۆرێك لە جوانی داوەتە دیمەنەکە ، (( ... لە جانتاکانمان جلە سپییەکانی خۆمان دەرهێناو لە قەزاغ ئەو ڕێگایە خۆمان گۆڕی و کەوتینە ڕێگا بەرەو شارێکی دیکە ، نازانم چەند ڕۆشتین ، گەلێك شار و خاك و زەریاچەمان بڕی ، کە نزیك کەوتینەوە ، لەسەر بورجێکی بەرزەوە ، مۆسیقارێك کە بە گیتارێکەوە پاسەوانێتی ئەو دەڤەرانەی دەکرد ، هاواری کرد ، بەخێربێن بۆ شاری ئێمە ، بەخێربێن بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان ، ... ، یەکێك بە گیتارێکەوە لە بەرگێکی سپیدا )) ل192 . منداڵە مۆسیقارە شەهیدەکان خۆیان کفنەکانیان لە جانتاکانیان دەردێنن ، دەیپۆشنت ، ئەو بەرگەی کە پێشتر ئامادەیان کردبوو بۆ مەرگ و چوونیان بۆ شاری نەمرەکان ، لەوێش نەمرێکی تر بە گەرمی و بەخۆشییەوە پێشوازیان لێدەکات ، دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشە . کاتێکیش وەسفی ئەم شارە دەکات ، لە هەموو ئاوەڵناوەکان زیاتر رەنگی سپی بەکارهێناوە ، ئەم شارە هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا ، وێنەیەکی تری بەهەشتە ، بەڵام بەهەشتی نەمران ، بەهەشتی ئەوانەی دەتوانن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەی کە لە پێش مردنیان نەیانتوانی بیکەن ، دەگەڕێنەوە دونیا و کارەکانیان دەکەن و دەگەڕێنەوە . هەر بۆیە سروشتی ئەم بەهەشتە بە ڕەنگی سپی ڕازاوەتەوە ، سپی بە چەمکی چاکی ، خۆشەویستی ، جوانی پاکوخاوێنی و پاکیزەیی . (( ... لەو دیو ئاسۆوە شارێکی گەورە گەورەمان لێدەرکەوت ، شارێکی سپی سپی ، پڕ لە منارە و بورج و قولەی بڵندی سپی سپی ، ... ، ئاسوودە و هێمن بە کۆمەڵێك باڵندەی سپییەوە کە بەسەر گومەز و قەڵاو منارە سپییەکاندا دەفڕین )) ل192 ، یان (( شارێکی گەورە بوو زۆر زۆر گەورە بوو ، پڕ بوو لە قەڵای سپی ، بورجی سپی ، باڵندەی سپی ... مۆسیقارم دەبینی لەسەر پاسکیلی سپی دەڕۆیشتن و کەمانیان لێدەدا و ئەسپی سپیم بینی لە مێرگەکانی دەوروبەردا دەلەوەڕان ... فوارەکانی سپی سپی بوون ... هەندێك درەختی سپیم بینی کە میوەیەکی سپیان گرتبوو ... هەموو شتێك سپی بوو ، چۆلەکە و

كەروێشكەكان ... تاوسم بینی پەڕەكانیان هەموو سپی بوو ، ... خەڵكم دەبینی گۆرانییەكیان دەگووت حەرفەكانی بە سپێتی لە گەرویان دەهاتە دەرێ ... هێلكەی سپی سیمرغم بینی ... )) ل200 .

ئەسپی سپی لە ئەفسانەكاندا وەك فریادڕەس پاڵەوانی حیكایەتەكان لە تەنگانەدا ڕزگار دەكەن ، لەم ڕۆمانەشدا ئەسپی سپی وەك ئەفسانەكان بەرجەستە كراوە ، ئەوەتا سامیری بابلی بە جەلادەت دەڵێت : (( جەلادەت ئەوانە ئەسپی موعجیزەن ، تەنیا موعجیزە دەتوانێت ڕزگارمانبكات ، گەر ئەو ئەسپە سپییانە نەگەنە لامان ڕزگارمان نابێت )) ل 295 . یان (( ...سامیری بابلی دەبینی بە خۆی و دوو ئەسپی سپییەوە بەرەو ڕووی دێت ، دوو ئەسپ وەك كەفی دەریا ، وەك چوری شیر .. وەك بەفری دوور ، دوو ئەسپ لە ئەسپی سەر زەمین نەدەچوون ، بەڵكو لە ئەسپی ناو چیرۆكە ئەفسانەییە كۆنەكان دەچوون )) ل313 . جەلادەت تەنها ڕزگار بوویەكی تاوانی ڕژێمی بەعسییەكانە ، كە لەگەڵ ئەنفالەكاندا لە بیابانەكانی باشوور دوای ئەوەی دەسترێژیان لێدەكەن و دەیانكەن بەژێر خۆڵەوە . سامیری بابلی ڕزگاری دەكات و هەر لەو بیبانانەدا لە شاری سۆزانییەكان لە تیاترۆی پرتەقاڵی سپیدا ماوەی سێ ساڵ دەژی . دوای نغرۆبوونی ئەو شارە لەگەڵ سامیری بابلی دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی ، بەڵام بەهۆی ئەوەی كە جەلادەت تاكە شاهیدحاڵێكی ئەو جینۆسایدەیە و سامیری بابلیش یەكێك بووە لەو ئەفسەرانەی كە ویستوویانە كودەتا بكەن و دواتر هەڵهاتووە لە سوپا و فیرارە ، ناتوانن بە بازگەكانی ڕژێمدا بگەڕێنەوە كوردستان ، هەربۆیە بە سواری دوو ئەسپی سپی ئەفسانەیی دەگەڕێنەوە كوردستان ، (( دوای سێ ساڵ ژیان لە شارێكی بیاباندا جەلادەتی كۆتر لەگەڵ سامیری بابلیدا لەسە دوو ئەسپی سپی گەیشتنەوە كوردستان )) ل315 .

دوای گەڕانەوەی جەلادەتی كۆتر بۆ شاری سلێمانی و زانینی ئەو حەقیقەتەی كە كەسێكی ئاسایی نییە و لە مردن گەڕاوەتەوە و پەیامێكی پێسپێرراوە تا بەجێی بگەیەنێ ، بە بەردەوامی كۆمەڵێك ( باڵندەی سپی ) وەك فریشتە و پەری لە هەموو جێگەیەك بەسەریەوە دەفڕن و یاوەری دەكەن ، تەنیا ئەو كەسانە ئەو باڵندانە دەبینن كە لە بازنەی نەمریدان یان لە بازنەی شاری مۆسیقارە سپییەكانن و پاسەوانانی جوانین ، (( ئەو باڵدارانە باڵداری من بوون ، كە شەو دنیا خامۆش دەبوو ... باڵندە سپییەكانی من دەهاتنە ژوورێ ، لە نزیكم دەنیشتنەوە ... لەسەر شان و سەرم ئارامیاندەگرت ... )) ل356 . ئەو ساتەی جەلادەت لەخاچ دەدرێت و دواتر لاشەكەی دەسوتێنرێت و دەبێت بە قەقنەس ، لەنێو خۆڵەمێشی سووتاوی جەستەیدا هەڵدەستێتەوە ، دوو ئەسپی سپی چاوەڕێی دەكەن هەڵیدەگرن و بەرەو شاری مۆسیقارە سپییەكەی دەبەن ، هەزاران باڵندەی سپی بەسەریدا دەفڕن و لەگەڵیدان ، فریشتە ئاسا پێشەنگی دەكەن ، (( ... دوو ئەسپی سپی چاوەڕوانیدەكەن ، دوو ئەسپ كە بەرەو زەمینێكی تر و دونیایەكی تر دەیبەن ، ... كە جوگرافیایەكی تری هەیە ... بە درێژایی ڕێگا باڵندە سپییەكانی ... بەسەریدا دەفڕن ... كە پێشەنگی دەركەوتنی ئەردێكی دیكە بوون )) ل 549 .

ئەوەی سەرنج ڕادەكێشێ لەم ڕومانەدا ئەوەیە كە ( 598 ) پێنج سەد و نەوەد و هەشت جار ئاوەڵناوی ( سپی ) بەكارهاتووە . ئاوەڵناو بۆ چەند ناوێكی جیاواز ، لەوانە : (( جلی سپی ، تیشێرتی سپی ، پانتۆڵی سپی ، پێڵاوی سپی ، زەرفێكی سپی ، مۆسیقاری سپی ، سپیپۆش ، فلووتی سپی ، بیجامەی سپی ، سپێتی كفن ، درەختی سپی ، بۆیەیی سپی ، دەرگای سپی ، ڕۆحی سپی ، هاڵاوی سپی ، ئەسپی سپی ، مووی سپی ، برژانگی سپی ، دەسەسڕی سپی ، وێنەی سپی ،كراسی سپی ، پەردەی سپی ، ژووری سپی ، فەرشی سپی ، ژنی سپیپۆش ، خەتی سپی ، پرتەقاڵی سپی ، ڕانی سپی ، مێزێكی سپی ، زەردێكی سپیباو ، باڵندەی سپی ، سەماكەرێكی قەڵەوی سپیكەڵە ، دەریای سپی ، عەبای سپی ، شازادەی سپی ، قەمەی سپی ، گەنجی سپیپۆش ، قەڵای سپی ، بورجی سپی ، پاسكیلی سپی ، فووارەی سپی ، پەڕی سپی ، هێلكەی سپی ، هەوای سپی ، تارمایی سپی ، كۆتری سپی ، شاری سپی ، خاولییەكی سپی ، ڕەنگی سپی ، جانتای سپی ، پیكابی سپی ، لەفافی سپی ، دەرپێی سپی ، سمێڵی سپی ، پاڵتۆی سپی ، كچێكی منداڵكاری سپی ، چەرمی سپی ، خۆڵەمێشی مایل بە سپی ، ڕوخساری سپی ،دوكەڵی سپی ، تەیری سپی ، لاندگرۆزێكی سپی ، گێلاسی سپی ، شەختەی سپی ، چرای سپی ، كوڕێكی سپی ، كاغەزی سپی ، مارسیدسی سپی ، باڵداری سپی ، هەوری سپی ، سەر سپی ، چاكەتی سپی ، كوڕێكی سپیپۆش ، دەستی سپی ، پیاوێكی سپی پۆش ، چەتری سپی ، پەڕۆیەكی سپی ، وەرەقەی سپی ، فانیلەی سپی ، باندجی سپی ، تەوقەی سپی ، لاجانی سپی ، تورەكەی سپی ، تەمێكی سپی ، شورای سپی ، باڵەخانەی سپی ، زەریای سپی ، ئۆقیانووسی سپی ، كۆشكی سپی ، كورسی سپی ، گڵۆپی سپی ، تابلۆی سپی ، پاسەوانی سپی ، بالكۆنی سپی ، ماڵی سپی ، جێگای سپی ، ماسی سپی ، زەمینی سپی ، خشتی سپی ، شیری سپی ، تونێلی سپی ، ئەندازیاری سپی ، كوچەی سپی ، شەقامی سپی ، تەپوتۆزی سپی ، سیمرغی سپی ، كەشتی سپی ، كەفی سپی ، گەردونی سپی )) ئەم هەموو ناوە وەسفكراوە بە ڕەنگی سپی لەخۆڕا نەهاتوون ، مەبەستدار بووە، ئاماژەیەكی ڕوون و ڕاستەوخۆن بۆ چەمكی ڕەنگی سپی .

چەمکی سپی لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا بە هەمان چەمکی واقیعی ڕەنگی سپی بەرجەستەکراوە ، چەمکی جوانییە ، جوانی حەقیقی و پەتیش پاك و پاکیزەیە ، هێمای عیشق و ئەوینە ، عیشقیش نەمرە ،هەربۆیە سەرجەم ناوە وەسفکراوەکان بە ڕەنگی سپی دەلالەت لە عیشق و خۆشەویستی و بێگەردی و پاکی و چاکی و جوانی و پاکیزەیی دەکەن .

لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی چەمکەکانی ( شار ، مۆسیقا ، سپی ) لە ڕۆمانەکەدا ، چەمکێکی نوێیان خوڵقاندووە ، چەمکی جیهانێکی پڕ لە جوانی و چاکی و بێگەردی و پاکیزە ، جیهانێك پڕ لە عیشق و خۆشەویستی ، جیهانێکی ئارام و هێمن ، جیهانێك پڕ لە بەها جوانە مرۆییەکان . ئەم چەمکە نوێیە لە ئامێزی ئەو شارەدا دەبینرێن کە لە ناوونیشانەکەدا ناوی ( شاری مۆسیقارە سپییەکانە) . ڕۆماننووس فەزایەکی فانتازیای خوڵقاندووە ، کە لەودیو بوونەوەیە ، شارێك خەونی هەموو مرۆڤە پاکەکانە ، شارێك پڕ لە ئازادی و خۆشەویستی و ئارامی . شاری هونەرمەندان ، نیگارکێش ، شاعیر ، و مۆسیقارەکان . شوێنی کەسانی زوڵم لێکراو و ستەمدیدە و بە ئاوات نەگەشتوون ، ئەو کەسانەی بێگوناحن ، یان پاکبوونەتەوە لە گوناح . شارێك سروشتی جوگرافی و مرۆیی پڕە لەو جوانیانە کە لە دونیادا بوار نەبوو بۆ دەرکەوتنیان یان گەشەیان ، ئەو ڕەنگ و دەنگانەی نەبینران و نەبیستران ئەوانەی لە پێناو خۆشەویستیدا نەفرەتیان لێکرا . شارێك وەك بەهەشت بۆ ئەنفالکراوەکان ، شارێك بۆ مرۆڤە نەمرەکان . دیارە ئەمەش ئاستی سەلیقەی هونەری و باڵادەستی ڕۆمانووس دەردەخات . کە توانیویەتی

کەواتە دەتوانرێت بووترێت : ناونیشانی ڕۆمانەکە بەشێکی دانەبڕاوە لە بینای هونەری دەقەکە و لە چنینی سەرەکی ئێسك و پەیکەری ڕۆمانەکەدا ، و لە سەرجەم تانوپۆی چنینەکەدا ، ناونیشانەکە ئامادەبوونی بەردەوامی هەیە و شانبەشانی چنینە سەرەکییەکە لە خاڵی دەستپێکەوە تا دوا دیمەن ڕۆشتووە . چنینی ڕووداوەکان ، چنینی کارەکتەرەکان ، چنینی بیری ڕۆمانەکە ، هەتا چنینە لاوەکییەکان و گرێدانیان بە چنینە سەرکییەکەوە ، هەموویان بەرەو ئەو ئاڕاستەیە ڕۆشتوون کە وێنەیەکی تەواوی ناونیشانەکە بخەنە بەر دیدی خوێنەر و ئەو قەناعەتەی لا دروست بکەن کە ڕۆمانووس باشترین و گونجاوترین ناونیشانی بۆ ڕۆمانەکەی هەڵبژاردووە .

**ئەنجامەکان :**

ئەو ئەنجامانەی دوای ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدەستمان هێنا ، لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخەینە ڕوو :

1. ناونیشانی ڕۆمانەکە لە ڕووی ئیستاتیکییەوە ناونیشانێکی جوان و سەرنجڕاکێشە . لە ڕووی ماناوە خۆی لە شێوە تەقلیدییەکە پاراستووە ، زیاتر مانای ڕەمزی هەیە، هێما ئامێزە ، لە ڕووی هونەریشەوە سەرکەوتوو بووە بەوەی کە پرسیار لای خوێنەر دروست دەکات . لەبەرئەوەی گرێیەکی ناوییە و مانای تەواوی نییە ، ئەمە وادەکات خوێنەر تامەزۆ بێت بۆ زانینی مانا تەواوەکە ، هێشتنەوەی بۆشاییەك لەمانادا تەکنیکێکی سەرکەوتووە ، مەبەست لێی بەشدارپێکردنی خوێنەرە ، لە گەڕان بەدوای پڕ کردنەوەی بۆشاییەکەدا .

2.بوونی هەمئاهەنگی لە نێوان ڕەنگی نووسینی ناونیشانەکە بە سپی و بوونی وشەی سپی لەناو ناونیشانەکەدا لە لایەك و لە لایەکی ترەوە ، ناوی ئەو تابلۆیەی کە بۆتە ناونیشانی ڕۆمانەکە ، لە پشتی تابلۆکە بە هەمان ڕەنگ – سپی – ناوی تابلۆکە نووسراوە . ئەمەش تەکنیکێکی جوان و سەرنجڕاکێشە و هەلقەیەکە لە هەلقەکانی گرێدانی ناونیشانەکە بە ناوەرۆکی دەقەکەوە .

3. دووبارە بوونەوەی ناونیشانی ڕۆمانەکە بە ژمارەیەکی زۆر و دووبارە بوونەوەی هەرسێ وشەی ( شار ، مۆسیقا ، سپی ) بە ژمارەیەکی زۆرتر ، لە سەرتاسەری ڕۆمانەکەدا ، بەو چەمکانەی کە لە خزمەت گەیاندنی بیری ڕۆمانەکەدان ، بەڵگەیەکی تەواوی ئەو پەیوەندییە بە تینەی نێوان ناونیشان و ناوەرۆکی ڕۆمانەکەیە .

4. چەمکی شار لە ڕۆمانەکەدا جیاواز لە چەمکی واقیعی شار بەکارهاتووە . بە تایبەتی لە هەردوو شارە فانتازییەکەی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان و شاری سۆزانییەکان ) دا ، ئەم چەمکە جیاوازەش لەپێناو گەیاندنی بیری ڕۆمانەکەیە ، خودی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان ، بە شێوەیەکی فانتازیا وێنا کراون ، بۆیە گونجاوترین شوێن بۆیان ، شوێنی خەیاڵییە ، پێویستی بە خوڵقاندنی فەزایەکی جوگرافی فانتازیا ، یان جیهانێکی یۆتۆپیا بووە . ئەم جۆرە شوێنانە جۆرێك لە ئازادی دەدەنە ڕۆماننووس بۆ وێناکردنی هەر شتێك کە ناتوانرێت لە فەزایەکی جوگرافی واقیعیدا بنوێنرێت . کەواتە چەمکی شار بەم شێوە فانتازییەی لە ناوەرۆکی ڕۆمانەکەدایە ، بۆتە وەڵام و دیاریکردنی ئیحاو دەلالەتی ناونیشانەکە . بەشێکی ئەو ڕووە نادیارەی دەرخستووە کە لە ناونیشاندا نەهاتووە و بۆتە بەشێکی مەدلوولەکە .

5. چەمکی مۆسیقا لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا جیاوازە لە چەمکی واقیعییەکەی، مۆسیقا ئامرازی پاکبوونەوەیە . هێزێکی ئەفسووناویی پیرۆزە . ئەو هێزەیە کە بەشە مرۆییەکەی مرۆڤ بەسەر بەشە شەیتانییەکەیدا سەردەخات ، هێزێکە گوزارشت لە جوانییە شیرین و تاڵەکانیش دەکات ، ئامرازی خوڵقاندنی جوانییە جاویدانەکانە . مۆسیقارەکانیش مرۆڤی نموونەیی پاکیزە و بەرز و باڵان و نەمرن . بەم چەمکە جیاوازەی مۆسیقا لە ڕۆمانەکەدا بەشێکی تری ڕووە نادیارەکەی ناونیشانەکە ڕوون دەبێتەوە .

6. لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی چەمکەکانی ( شار ، مۆسیقا ، سپی ) لە ڕۆمانەکەدا ، چەمکێکی نوێیان خوڵقاندووە ، چەمکی جیهانێکی پڕ لە جوانی و چاکی و بێگەردی و پاکیزە ، جیهانێك پڕ لە عیشق و خۆشەویستی ، جیهانێکی ئارام و هێمن ، جیهانێك پڕ لە بەها جوانە مرۆییەکان .ئەم چەمکە نوێیە لەئامێزی ئەو شارەدا دەبینرێن کە لە ناونیشانەکەدا ناوی (شاری مۆسیقارە سپییەکانە) . ڕۆماننووس فەزایەکی فانتازیای خوڵقاندووە ، کە لەودیو بوونەوەیە ، شارێك خەونی هەموو مرۆڤە پاکەکانە ، شارێك پڕ لە ئازادی و خۆشەویستی و ئارامی . شاری هونەرمەندان ، نیگارکێش ، شاعیر ، و مۆسیقارەکان . شوێنی کەسانی زۆڵم لێکراو و ستەمدیدە و بە ئاوات نەگەشتوون ، ئەو کەسانەی بێگوناحن ، یان پاکبوونەتەوە لە گوناح . شارێك سروشتی جوگرافی و مرۆیی پڕە لەو جوانیانە کە لە دونیادا بوار نەبوو بۆ دەرکەوتنیان یان گەشەیان ، ئەو ڕەنگ و دەنگانەی نەبینران و نەبیستران ئەوانەی لە پێناو خۆشەویستیدا نەفرەتیان لێکرا . شارێك وەك بەهەشت بۆ ئەنفالکراوەکان ، شارێك بۆ مرۆڤە نەمرەکان . دیارە ئەمەش ئاستی سەلیقەی هونەری و باڵادەستی ڕۆماننووس دەردەخات .

7. ناونیشانی ڕۆمانەکە بەشێکی دانەبڕاوە لە بینای هونەری دەقەکە و لە چنینی سەرەکی ئێسك و پەیکەری ڕۆمانەکەدا ، و لە سەرجەم تانوپۆی چنینەکەدا ، ناونیشانەکە ئامادەبوونی بەردەوامی هەیە و شانبەشانی چنینە سەرەکییەکە لە خاڵی دەستپێکەوە تا دوا دیمەن ڕۆشتووە . چنینی ڕووداوەکان ، چنینی کارەکتەرەکان ، چنینی بیری ڕۆمانەکە ، هەتا چنینە لاوەکییەکان و گرێدانیان بە چنینە سەرکییەکەوە ، هەموویان بەرەو ئەو ئاڕاستەیە ڕۆشتوون کە وێنەیەکی تەواو کراوی ناونیشانەکە دەخەنە بەر دیدی خوێنەر و ئەو قەناعەتەی لا دروست دەکەن کە ڕۆماننووس زۆر بە ئاگاییەوە باشترین و گونجاوترین ناونیشانی بۆ ڕۆمانەکەی هەڵبژاردووە .

**سەرچاوەکان :**

**کوردی : کتێب:**


1- بەختیار عەلی ، شاری مۆسیقارە سپییەکان ، چاپخانەی ڕەنج ، 2005

2- سەباح ڕەنجدەر، دوو کتێب لە بارەی شیعرەوە، دەزگای توێژینەوە و بڵاو کراوەی موکریانی، هەولێر، 2011، ل 29

عەرەبی : کتێب

3- إبن منظور ( أبو الفضل جمال الدين حسام الدين مكروم )،لسان العرب ، مادة أثر ،الطبعة الجديدة ،دار الصادر ،بيروت ، 2000

4- ادريس ناقوري ، لعبة النسيان – دراسة تحليلية نقدية – ط1 ، دار العالمية للكتاب ، دار البيضاء ، 1995

5- بدري ،وظيفة اللغة في الخطاب الروائي الواقعي عند نجيب محفوظ، موفم للنشر، الجزائر،ط 1، 2000

6- بسام موسى قطوس (د) ، سيمياء العنوان ، الطبعة الاولى ، عمان – الاردن ، 2001

7- جمال بو طيب ، العنوان في الرواية المغربية ، ضمن كتاب الرواية المغربيةو أسئلة الحداثة ، منشورات دار الثقافة ، الدار البيضاء ، 1996

8- جيرار جينيت ، طروس ( الأدب على الأدب ) ضمن كتاب دراسات في النص و تناصية، ترجمة محمد خيري البقاعي ، مركز الإنماء الحضاري ، سوريا ، ط1 ، 1998

9- جيرا جينت ، مدخل الى جامع النص ، ترجمة عبدالرحمن أيوب ، دار توبقال ، المغرب ، 1986

10- حسن محمد حماد ،تداخل النصوص في الرواية العربية ،ط1 ،مجلد 1، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب ، 1998

11- خالد حسين(د) ،في نظرية العنوان مغامرة تأويلية في شؤون العتبة النصية ، دار التكوين للطباعة و النشر ، 2007

12- توفيق فريزة ، كيف أشرح النص الأدبي ، دار قرطاج للنشر، تونس،2000

13- رشيد يحياوي ، الشعر العربي الحديث ، افريقيا الشرق ، المغرب ، لبنان ، ط1 ، 1998

14- شعيب حليفي ، هوية العلامات، دار الثقافة، الدار البيضاء، 2005

15- عبدالحق بلعابد ،عتبات ،جيرارد جينيت من النص الى المناص،الدار العربية للعلوم ناشرون ،منشورات الأختلاف، الجزائر، 2008

16- عبدالفتاح الحمجري ، عتبات النص الادبية و الدلال ،شركة الرابطة ، ط1 ، 1996

17- عبدالقادر عبدالرحيم ، العنوان في النص الابداعي – اهميته و ابداعه – دار التكوين للطباعة و النشر ، ط1 ،2010

18- عبدالقادر عبدالرحيم ، علم العنونة، دار التكوين للطباعة و النشر ، سوريا ، 2010

19- عبدالملك مرتاض ، تحليل الخطاب السردي ، معالجة تفكيكيةسيميائيةمركبة لروايةزقاق المدق ، ديوان المطبوعات الجامعية ، ط1 ،الجزائر ، 1995

20- علي جعفر العلاق، الشعر والتلقي، دراسات نقدية، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الأردن ، ط 1، 1997

21- محمد الراوي ، دلالات اللون الأبيض ، دار أسامة للنشر الأردن ، 2000
22- محمد فكري الجزار ،العنوان و سيميوطيقا الأتصال الأدبي ، الهيئة العامة للكتاب ، 1998
23- معجب العدواني ،تشكيل المكان و ظلال العتبات ، النادي الأدبي الثقافي ،جدة المملكةالعربية السعودية،ط1 ، 2002
24- نريمان الماضي ، العنوان في شعر عبدالقادر الجنابي ، ماڵپەڕی http//www.elaph.com
نامەی ئەكادیمی : دكتۆرا
25- جاسم محمد جاسم خلف ، العتيات قي شعر عبدالوهاب البياتي و نزار القباني ، رسالة دكتورا ،كلية التربية ، جامعة الموصل ، 2007
26- مسكين حسنية، شعرية العنوان في الشعر الجزائيري المعاصر ، رسالة دكتورا ، جامعة وهران ، السانيا ، كلية الأداب و اللغات و الفنون ، قسم اللغة العربية و آدابها ، 2014
نامەی ئەكادیمی : ماستەر
27- زهرة مختاري ،خطاب العنوان في القصيده الجزائري المعاصرة ، رسالة ماجستير ، الجمهورية الجزائرية الديموقراطية الشعبية ،جامعة سانية – وهران ،كلية اللغات و الاداب و الفنون ،قسم اللغة العربية و أدابها ، 2012
گۆڤارەكان :
28- أزهار فنجان (أ.م)، د. أحمد حيال جهاد ، د . سلام مهدي رضيوي ، العتبات النصية و دوروها في البناء القصصي العنونة في مجموعة إيقاعات الزمن الراقص ، مجلة كلية التربية للعلوم الأنسانية ، جامعة ذيقار ، المجلد 5 ، العدد 1 ، آذار 2015
29- جميل حمداوي ، السيموطيقيا و العنونة ، مجلة عالم الفكر ، المجلد الثاني ، العدد الثالث ، الكويت، 1997
30- حافظ المغربي (د) ،عتبات النص و المسكوت عنه ،قراءة في نص شعري ، مخبر وحدة التكوين و البحث في نظريات القراءة و مناهجها ، مجلة قراءات ، جامعة بسكرة
31- حميد لحمداني (د) ، عتبات النص الادبي ( بحث النظري) مجلة علامات في النقد – النادي الادبي بجدة ، مجلد 12 ، عدد46 ، شووال 1423 هجري
32- كوثر محمد علي جبارة م.م.، عتبة العنوان في قصص فرج ياسين القصيرة جدا- دراسة في بنيتها التركيبية، مجلة كلية التربية الأساسية/ جامعة بابل ،العدد 12 ، حزيران
33- محمد اسماعيل حسونة(د) ، النص الموازي و عالم النص ، مجلة جامعة الاقصى ، المجلد19،العدد2 ، 26 يونيو 2015
34- محمد فوزي محي الدين (د) ، ألسنية النص ، مجلة افاق عربية ، العدد 11 ، 1991
35- محمد كعوان ، سيميائية القناع مقاربة تأويلية في ديوان فيوضات المجاز، مجلة نزوى ، عدد52، يوليو،2009
36- محمود الهويسي ، براعة الأستهلال في صناعة العنوان ، مجلة الموقف الأدبي ، عدد 313 ، دمشق ، 1997

**ملخص**

يتناول هذا البحث موضوع ( العنوان الرئيسي في الرواية ( مدينة الموسيقيين البيض ) لروائي بختيار علي ) . يعد العنوان الرئيسي من أهم عناصر النص ، نظرا لكونه مدخلا أساسيا في قراءة الأبداع الأدبي بصفة عامة ، و الروائي بصفة خاصة . ومن المعلوم كذلك إن العنوان هو عتبة النص و إشارته الاولى . وهو العلامة التي تميزه عن غيره . وهو كذلك من العناصر المجاورة و المحيطة بالنص الرئيسي .

يشمل البحث أربعة محاور ، وقد تحدثنا في المحور الأول عن تعريف و المفهوم العنوان بصورة العامة في النصوص الادبية ، وفي المحور الثاني تحدثنا عن أنواع العنوان و من ضمنها العنوان الرئيسي ، و في المحور الثالث شرحنا وظيفة العنوان في الرواية . و في المحور الاخير بحثنا عن بناء العنوان في الرواية ( مدينة الموسيقيين البيض ) . ثم عرضنا النتائج التي استنتجناه من خلال البحث .

**Abstract**

This research entitled (the main title of the novel "The City of the White musicians" by Bakhtiar Ali). The main title of the main elements of the text, as it is an essential input in reading literary creativity in general and the novelist in particular. And its first sign, which is the mark that distinguishes it from others, and it is also of the neighboring and surrounding elements of the main text.

The research includes four axes. We spoke in the first axis of the definition and concept of the title in general in literary texts .In the second axis we talked about the types of title, including the main title. And in the third axis we explained the function of the title in the novel. And in the last axis we searched for the title building in the novel (City of White Musicians). We then present the results we have derived from the search.